# ( ١٠٠ ) فەتوای گرنگ

# بۆ

# ئافرەتان

---


ئامادەكارو وەرگێڕانی : ئالان أحمد

پێداچونەوەی : م. صلاح الدين عبدالكريم


لە فەتوای زانایانی سەردەم

الشيخ عبدالعزيز بن باز رحمه الله

الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله

الشيخ صالح بن فوزان عبدالله الفوزان

فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

===


لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org

walamakan.com

**پێشەکی:**

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**پرسیارکردن له زانایان كارێكی زۆر گرنگه پێویسته بۆ ژیانی موسوڵمان هەروەك چۆن خوای گەورە فەرمانی پێمان كردووە كه پرسیار له زانایان بكەین ئەگەر نەمانزانی وەكو دەفەرموویێت:**

﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٧﴾ [ النحل: ٤٣. الأنبياء: ٧].

**هەروەكو چۆن موسوڵمانان بەردەوام پرسیاریان له زانایان كردووە له هەموو بوارەكانی دیندا هەر لەبەر ئەم گرنگییه منیش بەباشم زانی پشتیوان بەخوا دەست بكەم بە كۆكردنەوەی هەندێك له فەتوای زانیان سەبارەت بە ئافرەتان هەستام بە كۆكردنەوەی سەد فەتوای گرنگ له**

فەتوای زانایانی موعتەبەرو ناسراوی سەردەم لە فەتواکانی (شیخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێبێت) – ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) – صالح الفوزان – فەتواکانی اللجنة الدائمة).

داواکارم ئەم کارەو هەموو کارەکانی تریشمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەوبێت خوای گەورە لێمانی وەرگردبێت.

وەرگێڕ

ئالان أحمد

## لەم کتێبەدا وەڵامی ئەم باسانە دراوەتەوە

حوکمی هاواربردن بۆ غەیری خوا

حوکمی چون بۆلای ساحیرو فاڵچی

حوکمی هەڵواسینی نوشتە

حوکمی گاڵتەکردن بە ڕیشو شەڕواڵ کورتی

پێویستە عەیبو کەمو کورتی باس بکرێت لە کاتی خوازبێنیدا

حوکمی حەڵقە لەدەست کردن لە کاتی مارەبڕیندا

حوکمی بەزۆر خواستنی ئافرەت

حوکمی هاوسەرگیری بێ مارەیی

حوکمی دواخستنی مارەیی

ئەگەر پیاوێك کۆچی دوایی کرد پێش گواستنەوەی خێزانی

هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی شیعەدا

هاوسەرگیری کاتی (نِكَاح المُتْعَة)

دەرچونی ئافرەت لە ماڵ بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی

پاککردنەوەی منداڵ لە پیسی

بۆیەی سەرنینۆك

خەنەدان لەسەر

دەرچوونی با لە دامێتنی ئافرەتەوە

خەون بینینی ئافرەتان (الإحتلام)

چۆنێتی خۆشوشتن (صِفَة الْغُسْلْ)

پێویستە خۆشوشتن لە دوای کاری شەرعی

درێژگردنەوەی نینۆك

زیادبونی ڕۆژانی حەیز

خەنە لە دەستو سەرگرتن لە کاتی عاددەی مانگانەدا

توشبونی حەیز بەهۆی دەرمانەوە

لەدەست چوونی ڕۆژو لەبەر نەخۆشی

حوکمی بۆنو کلو سیواکو مەعجونی دان شۆردنو مکیاج بۆ ڕۆژووەوان

زۆرکردن لە خێزانت بۆ کاری شەرعی جوتبوون لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا

باشترە بۆ ئافرەتان نوێژی تەراویح لەماڵەوە بکەن

پێش نوێژی ئافرەتان لە تەراویحدا

بەکارهێنانی حەب بۆ ڕێگرتن لە حەیز لە حەجو عومرەدا

دەنگی ئافرەت

دانانی ددانی ئاڵتون

جوانکاری لە ددانەکاندا

نەشتەرگەری خۆجوانکردن

چاویلکەی ڕەنگاو ڕەنگ (عەدەسە)

کونکردنی گوێو لوت بۆ ئافرەتان

قژی (صناعە) دروستکراو

سەربۆیەکردن

برۆهەڵگرتن

هەڵگرتنی موی ڕوومەتو – دەمو چاو –

لادانی مووی دەستو پێ

سواربوون لەگەڵ شۆفێردا بە تەنها

تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتانی بێگانەدا

هەڵهەڵەلێدان

هاوسەرگیری كچ بەبێ مۆڵەتی باوكی

چوونە لای خێزان لەكۆمەوە

بردنیماڵی مێرد بەبێ مۆڵەتی

حوكمی مانەوەی ئافرەت لەگەڵ مێردی نوێژنەكەردا

نەزۆكی پیاو

لەعنەتكردن لە منداڵو خێزان

حوكمی لەبەركردنی پۆشاكی كورتو تەنك لەلایەن ئافرەتانەوە

حوكمی پانتۆڵ لەپێكردن بۆ ئافرەتان

حوكمی چونی ئافرەتان بۆلای پزیشكی پیاوان

حوكمی نوێژكردن بە جلو بەرگی پیسەوە

حوكمی پۆشاكێك كە وێنەی لەسەربێت

حوكمی نوێژكردن بەبێ دەستنوێژ

حوكمی بردنی منداڵان بۆ مزگەوت

حوكمی نیەتهێنان بە زمان

نوێژكردنی ئافرەتان لەسەر مردوو

حوكمی لەبەركردنی جلو بەرگی ڕەش بۆ تەعزیێ

زەكات لە ئاڵتونی ئافرەتدا

ئاڵتونی چەند كەسێك كۆناكرێتەوە تا زەكاتی لێ دەربكەن

حوكمی سەرفترەدان بە پارە

ڕۆژو شكاندنو خواردنو خواردنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا

حوكمی ئافرەتێك كە لە حەیز پاك دەبێتەوە پێش بەرەبەیان

حوكمی گۆرانیی و مۆسیقا و سەیركردنی فیلم

حوكمی خوێندنی قورئان لە كاتی حەیزدا

حوكمی گۆڕینی جلو بەرگی ئافرەتان لە دوای پاك بوونەوە لە حەیزدا

حوكمی شۆفێری كردن بۆ ئافرەتان

بەخێوكردنی كچان

حوكمی وێنەگرتن

دەستنوێژ شكاندن

حوكمی سەفەركردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم

تاوانی غەیبەتكردن

مەرجەكانی عابای شەرعی ئافرەتان

حوكمی زەردیی و لێڵی پێش حەیز

حوكمی زەردیی و لێڵی دوای حەیز

حكومی بۆن لەخۆدان بۆ ئافرەتان

حوكمی زۆرچونی ئافرەتان بۆ بازاڕ

حوكمی شیوەنكردنو لەخۆدان لەسەر مردوو

هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان بە جولەكەو گاور

سەرفترە بۆ منداڵێك، كە هێشتا لە دایك نەبووە

حەجكردنی كچ بۆ باوكی

تەوقەكردنو سەرفەركردن لەگەڵ دایكی خێزانتدا

قسەكردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەی خوازبێنیت كردووە لە تەلەفۆندا

حوكمی مارەبڕینی ئافرەتێكو تەڵاق دانی پێش گواستنەوەی

گوێڕایەڵی مێرد پێچەوانەی گوێڕایەڵی باوك

حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە ڕۆژی لە دایك بوون (عید المیلاد)

بانگخوازیو فەرمانکردنی چاکە بۆ ئافرەتان

حوکمی دواخستنی نوێژ

نەچونی ئافرەتان بۆ حەمامی گشتی

منداڵەکەت فێری چاکە بکە

حوکمی چون بۆ شاییو ئاهەنگ بۆ ئافرەتان

خواستنی ئافرەتی سکپڕ (حامل)

حوکمی زەکات لەمارەیی ئافرەتاندا

حوکمی گوێڕایەڵی نەکردنی ئافرەتان بۆ مێردەکانیان لەکاری سەرجێیدا

حوکمی تێکدانی نێوانی ژنو مێرد

حوکمی کڕینی ئاڵتون بەقەرز

## حوكمی هاواربردن بۆ غەیری خوا

**پرسیار(١): ئایا حوكمی هاواربردن‌و داواكردن چییە لە غەیری خوا، وەك كەسێك هاواربەرێت‌و بڵێت یا موحەممەد ﷺ یا عەلی یا حوسێن؟**

وەڵام: داواكردن‌و هاواركردن لە غەیری خوا شیركی گەورەیەو گەورەترین تاوانەو دەرچوونە لە ئاینی ئیسلام، واجبە لەسەر ئەوكەسە تەوبە بكات‌و بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە داوا پشت‌و پەنا تەنها بە خوای گەورە ببەستێت‌هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ [النمل: ٦٢].

واتە: كێ یە بە فریای ئەوكەسەدێت كە لە كاتی تەنگانەو سەخڵەتیدا هاواری بۆ بەرێت‌و كۆسپو ناخۆشیان بۆلادەبات، وە ئێوە دەكاتە جێنشینی پێشینان لەزەویدا، ئایا پەرستراوێك لەگەڵ خوا هەیە بەحەق (بێگومان نەخێر نیە)، بەڵام ئێوە زۆر كەم پەند وەردەگرن.

هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ﴾ [الأحقاف: ٥]. واتە: كێ لەو كەسە ستەمكارترو گومڕاو سەلێشێواوترە كە لەغەیری خوای پەروەردگار دەپاڕێتەوەو هاواری بۆ دەكات كە هەتا ڕۆژی قیامەت (ئەو پەرستراوە) وەڵامی ناداتەوەو لە هاوار بۆ كردنەكانیان بێئاگان وە كاتێك خوای گەورە كۆیان دەكاتەوە حەشریان دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا هاوار بۆ كراوان (پەرستراوەكان) دەبنە دوژمنیان‌و خۆیان بەری دەكەن لەو پەرستنانەی كە هاوەڵ بڕیاردەرەكان بۆیان ئەنجام دابوون[1].

---

(١) فتاوى العقيدة، الشيخ محمد بن صالح العُثيمين رحمه الله ، ص: (٣٩٤ – ٣٩٥).

## حوکمی سوێندخواردن بە غەیری خوا

**پرسیار(٢): ئایا حوکمی سوێندخواردن چی یە بە غەیری خوا؟ وە ئایا دروستە سوێند بە قورئان بخۆیت؟**

وەڵام: سوێند خواردن بە غەیری خوا حەرامەو جۆرێکە لە شیرك بۆ خوا بڕیاردان، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « أَلاَ إِنَّ اللَّهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ ، مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ ، أَوْ لِيَصْمُتْ »[٢]. واتە: ئاگاداربن خوای گەورە قەدەغەی کردووە لێتان سوێندبخۆن بە باوكو باپیرتان هەركەسێك سوێندی خوارد باتەنها سوێند بەخوا بخوات یان بێدەنگ بێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ ». ئیمامی تورمذی گێڕایەتیەوە[٣]. واتە: هەركەسێك سوێند بخوات بە جگە لە خوا ئەوە شەریکی بۆ خوا بڕیارداوە. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەركەسێك لە یادی چو نەیزانی سوێندی خوارد بە لاتو عوززا با بڵێت: (لا إله إلاّ الله) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سوێندخواردن بە غەیری خوا شیركە، شیركیش تەنها بە تەوحیدو ئیخلاص پاكدەبێتەوە هەر لەبەرئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: با بڵێت: (لا إله إلاّ الله) هەر لەسەرئەمە بەهیچ شێوازێك دروست نیەو حەرامە موسوڵمان سوێند بخوات بە غەیری خوا چ سوێندخواردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ چ بە جوبریل (سەلامی خوای لێبێت) چ بە پیاوچاكێك بێت چ بە كەعبە بێت چ بە شەرەفو ناموس بێت چ بە گەلو نیشتیمان بێت چ بە گۆڕی شەهیدان بێت هەموی حەرامەو شیركەو هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە.

بەڵام سوێند خواردن بە قورئان دروستە، چونكە قورئان قسەو كەلامی خوایە سوێندخواردن بە قورئان سوێند خواردنە بە صیفاتی خوا ئەوەیش دروستە[٤].

---

(٢) صَحيح البُخاري، رَقَم: (٦٦٤٦).
(٣) صَحيح: صَحيح وَضَعيف سُنَن التِّرْمُذي، رَقَم: (١٥٣٥).
(٤) مَجْمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رَحِمَهُ اللهُ (٢/٢١٧).

## حوکمی چون بۆلای ساحیرو فاڵچی

**پرسیار(٣): ئایا حوکمی چون بۆلای ساحیرو فاڵچی چییه؟**

وەڵام: چون بۆلای ساحیرو فاڵچی دەبێت بەسێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەوەیە کەسێك دەچێت بۆلای ساحیرو فاڵچی پرسیاری لێ دەکات، بەڵام باوەڕی پێنکاتو بەڕاستی نازانێت، ئەمە حەرامەو سزای ئەم تاوانە ئەوەیە، کە ئەو کەسە نوێژی چل ڕۆژی لێ قەبوڵ ناکرێت لای خوای گەورە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاَةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً »[٥].

واته: هەرکەسێك بڕوات بۆلای ساحیرو فاڵچییەك دەربارەی شتێك پرسیاری لێبکات نوێژی چل شەوی لێ قەبوڵ ناکرێت ئەگەر بەڕاستیشی نەزانێت.

**بەشی دووەم:** ئەوەیە کە کەسێك دەڕوات بۆلای ئەو ساحیرو فاڵچییە ، باوەڕی پێدەکات بەڕاستی دەزانێت ئەوەی کە ساحیرەکە دەیلێت ئەوە کوفرو بێباوەڕیە بە خوای گەورە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « مَنْ أَتَى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ».[٦] واته: هەرکەسێك بڕوات بۆلای ساحیرو فاڵچییەك بەڕاستی بزانێت ئەوەی کە دەیلێت ئەوە ئەو کەسە کافربووە بەو قورئانەی کە بۆ سەر موحەممەد ﷺ دابەزیووە.

**بەشی سێیەم:** ئەوەیە کەسێك بڕوات بۆلای فاڵچییەك پرسیاری لێبکات بۆئەوەی درۆکەیو گومڕابوونەکەی ئاشکرا بکات بۆ خەڵکی ئەمەیان دروستە بەڵگەیش لەسەر ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ شتێکی لە دڵی خۆیدا دانا شادییەوەو پاشان پرسیاری کرد لە فاڵچییەکە فەرمووی: من لە دڵ خۆمدا چیم شاردوەتەوە فاڵچییەکەش وتی: (دووکەڵ) پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: (دورکەوەو درۆتکرد نەتزانی.

---

(٥) رَوَاهُ مُسْلِمْ: (٢٢٣٠).

(٦) صَحيح: مِشكاة المصابيح، رَقَم: (٤٥٩٩).

هەر لەبەرئەمە چوون بۆلای ساحیرو فالْچی دەبێت بە سێ بەشەوە:

١- ئەوەیە کەسێك دەچێت پرسیاری لێدەکات، بەلاّم بەڕاستی نازانێت وە بەبێ ئەوەیشی مەبەستی بێت درۆکەی ئاشکرا بکات بۆ خەڵکی ئەوە ئەو ڕۆیشتنە حەرامەو تاوانەکەیو سزاکەیشی ئەوەیە کە چل ڕۆژ نوێژی لێ قبولْ ناکرێت.

٢- ئەوەیە کەسێك دەڕوات بۆلای پرسیاری لێ دەکات، بەلاّم باوەڕی پێدەکاتو بەڕاستی دەزانێت ئەوەیش کوفرو بێباوەڕییە واجبە ئەو کەسە تەوبە بکاتو بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە ئەگینا ئەگەر بمرێت ئەوە لەسەر کوفرو بێباوەڕی دەمرێت.

٣- ئەوەیە کە بڕوات پرسیاری لێبکات بۆئەوەی کوفرو درۆکەی بۆخەڵکی ئاشکرا بکات ئەوەیان دروستە ئەگەر ئەو کەسە کەسێکی شارەزاو بەتوانابێت[٧].

## حوکمی هەڵواسینی نوشتە

**پرسیار(٤): ئایا حوکمی هەڵواسینی نوشتە چی یە؟**

وەلاّم: ئەم پرسیارە واتە هەڵواسینی نوشتە دەبێت بە دوو بەشەوە:

**جۆری یەکەم:** ئەوەیە ئەوەی کە هەڵی دەواسێت لە قورئان، ئەوەیش زانایان جیاوازییان تیایدا هەیە لە پێشو لە ئێستادا، بەلاّم بۆچوونی تەواو ئەوەیە، کە دروست نیە نوشتە هەڵبواسرێت ئەگەر لە قورئانیش بێت، چونکە هەڵواسینی جێگیر نەبووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە فەرموویێتی هەروەها ئەمە هۆکارێکی شەرعی نیە تا بڵێین زەرەرو زیانی پێدەگەڕێتەوە یان لادەچێت، بەڵکو ئومێدوایە ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەیکردووە ئێمەش نەیکەین، ئەم بۆچونەش بۆچونێکی تەواوە، ئەویش ئەوەیە کە دروست نیە نوشتە هەڵبواسرێت با لەقورئانی پیرۆزیش بێت، هەروەها

(٧) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٢/١٣٦ - ١٣٧).

دروست نیه له ژێرسەر نەخۆش دابنرێت یان هەڵبواسرێت بە دیواردا یان بە هەر شتێکی تردا، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دوعای چاك بۆ نەخۆشەکە دەکەیت و قورئانی بەسەردا دەخوێنیت، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی.

**جۆری دووەم**: لە نوشتە ئەو جۆرەیە کە هەڵدەواسرێت، بەڵام لە قورئان نیە، بەڵکو کەس لێی تێناگات و نازانێت بیخوێنێتەوە بە شێوازێکی ئاڵۆز نوسراوەتەوە، ئەمەیان کارێکی بیدعەیە و حەرامە بەهەموو شێوازێك[٨].

## حوکمی گاڵتەکردن بە ڕیش و شەڕواڵ کورتی

**پرسیار(٥): ئایا حوکمی کەسێك چی یە کە گاڵتە دەکات بە ڕیش و شەڕواڵ کورتی؟**

وەڵام: ئەگەر کەسێك گاڵتە بکات بە ڕیشدارێك و شەڕواڵ کورتێك بزانێت ئەوە سوننەتە ئەگەر مەبەستی گاڵتەکردن بێت بە کردەوەکەی واتە بە ڕیش و شەڕواڵ کورتی یەکەی ئەوە گاڵتەی بە شەریعەت و دینی خوا کردووە، بەڵام ئەگەر مەبەستی گاڵتەکردن بێت بەکەسەکە نەك بە سوننەتەکە ئەوە کافرو بێباوەڕ نابێت بەوە، بەڵکو تەنها تاوانبار دەبێت[٩].

(٨) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٠٧/١).

(٩) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٥٩/٢).

## پێویستە عەیبو کەمو کورتی باس بکرێت لە کاتی خوازبێنیدا

**پرسیار (٦)**: ئایا من خوشکێکم توشی نەخۆشییەك بووە بوەتە چاوەوە پێوستە لەسەرم کاتێك خوازبێنی دێت من باسی نەخۆشییەکەی بکەم؟

وەڵام: بەڵێ، لەسەر سەرپەرشتارو وەلی ئەو ئافرەتە، **کە هەر نەخۆشییەك و کەمو کورتییەکی بەردەوامی تیادایە باسی بکات** هەتا ئەو خوازبێنیە لەسەر چاوڕۆشنی بێت، وە باس نەکردنی غەشە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا »[١٠]. واتە: هەرکەسێك فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نیە.[١١]

## حوکمی حەڵقە لەدەست کردن لە کاتی مارەبڕیندا

**پرسیار(٧)**: ئایا دروستە حەڵقە لە دەست بکەیت بە بۆنەی مارەبڕینەوە؟

وەڵام: دروست نیە حەڵقە لە دەست بکەیت بە بۆنەی مارەبڕینەوە، لەبەرئەوەی ئەو کارە خۆچواندنە بەبێ باوەڕانەوە[١٢].

## حوکمی بەزۆر خواستنی ئافرەت

**پرسیار(٨)**: ئایا حوکمی ئیسلام چی یە بۆ ئافرەتێك، کە بەزۆر مارە بڕاوە؟

وەڵام: ئەگەر ئەو ئافرەتە بەو پیاوە ڕازی نەبوو ئەوە دەتوانێت کارەکەی بەرز بکاتەوە بۆ مەحکەمە بۆ ئەوەی مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە یان جێگرو تەواوی بکات[١٣].

---

(١٠) رَوَاهُ مُسلِم، رَقَم: (٢٩٤).

(١١) فَتَاوَى اللّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (٢٨/١٨).

(١٢) فَتَاوَى اللّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (١٤٧/١٩).

(١٣) فَتَاوَى اللّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (١٢٦/١٨).

## حوکمی هاوسەرگیری بیٚ مارەیی

**پرسیار(٩): ئایا دروستە موسوڵمان کچەکەی بداتە پیاوێك لەبەر خواو مارەیی بۆ دانەنێت؟**

وەڵام: نەخێر، بێگومان دەبێت مارەیی هەر بۆ دابنرێت لەبەر ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە، کە دەفەرمووێت: ﴿وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ أَن تَبۡتَغُواْ بِأَمۡوَٰلِكُم﴾ [النساء: ٢٤].

واتە: جگە لەمانە کە ناوبران ژنانی دیکەتان بۆ حەلاڵە کە بە ماڵی خۆتان بەدەستی دێنن.

وە هەروەها لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە صەحابەکەی (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموو: « الْتَمِسْ وَلَوْ خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ »[١٤]. بە دەستی بێنە ئەگەر حەڵقەیەك ئاسنیش بێت بۆ مارەییەکەی وە ئەگەر کەسێك ئافرەتێکی خواست پێشەکی باسی مارەیی نەکرا ئەوە پێویستە بە ئەندازەی ئافرەتانی هاوشێوەی خۆی مارەیی بۆ دیاری بکرێت، وە دروستیشە ئافرەت مارە بکرێت لەسەر فێرکردنی بەشێك لە قورئان، یان حەدیس یان زانستێکی ئاشکراو زانراو لە دیندا، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتەی مارەبڕی لەسەر فێرکردنی بەشێك لە قورئان کاتێك کە صەحابەکە (ڕەزای خوای لێبێت) هیچ ماڵێکی نەبوو، ئەو ئافرەتە لەو حەقەی خۆی خۆشبو، **لە دوای دیاری کردنی حەقەکە** ئەوە دروستە وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗۚ فَإِن طِبۡنَ لَكُمۡ عَن شَيۡءٖ مِّنۡهُ نَفۡسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا﴾ [النساء: ٤].[١٥] واتە: بەشێوازێکی جوان مارەیی خێزانەکانتان بدەن.

---

(١٤) رَوَاهُ الْبُخَارِي، رَقْمُ: (٥١٢٦).

(١٥) ابْن بَاز رَحِمَهُ اللهُ : فَتَاوَى إِسْلَامِية لِلْمُسْنَد (٣/١٧٨).

## حوكمی دواخستنی مارەیی

**پرسیار(١٠): ئایا حوكمی دواخستنی مارەیی چییە لە ئیسلامدا ئایا دروستە؟**

وەڵام: دواخستنی مارەیی دروستە، لەسەر ئەو ڕێككەوتنەی كە ڕێككەوتوونە لەسەری بۆ نمونە نیوەی لەسەرەتاوە دەداتو نیوەكەی تریش لە كاتێكی تردا وە یان هەموی لە سەرەتاوە دەدات وە یان هەموی لە كۆتایدا دەدات دروستە، **بەڵام پێویستە پابەندبێت بەو مەرجەوەی كە ئەو ئافرەتەی بۆ حەڵاڵ كراوە واتە مارەییەكەی** لەبەر ئەم فەرموودەیەی، كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « أَحَقُّ مَا أَوْفَيْتُمْ مِنَ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ »[١٦]. واتە: گرنگ ترین مەرج، كە پێویستە جێبەجێی بكەن ئەو مەرجەیە، كە داوێنی خێزانتانی بۆ حەڵاڵ كردووە.[١٧]

## ئەگەر پیاوێك كۆچی دوایی كرد پێش گواستنەوەی خێزانی

**پرسیار(١١): ئایا حوكمی پیاوێك چی یە، كە ئافرەتێك مارە دەبڕێت، بەڵام پێش ئەوەی بیگوازێتەوە پیاوەكە كۆچی دوایی دەكاتو دەمرێت؟**

وەڵام: ئەو ئافرەتە پێویستە عیددەكەی ڕابگرێت، كە بریتیە لە چوار مانگو دەرۆژ، وە جلی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەر نەكات، ئەو كاتە وە میراتی مێردەكەی دەباتو وە دەبێت هەموو مارەییەكەشی پێبدرێت[١٨].

(١٦) رَوَاهُ الْبُخَارِي رَقَمْ: (٥١٥) وَ مُسْلِم رَقَمْ: (٣٥٣٧).

(١٧) ابْن بَاز رَحِمَهُ اللهُ : فَتَاوَى إِسْلَامِية لِلْمُسْنَد (١٧٧/٣).

(١٨) فَتَاوَى اللَّجْنَة الدَّائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإِفتاء (٨٣/١٩).

## هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی شیعەدا

**پرسیار(١٢): ئایا حوكمی هاوسەرگیری چی یە لەگەڵ ئافرەتی شیعەدا؟**

وەلاَم: دروست نیە بۆ پیاوی سوننی ئافرەتی شیعە بخوازێت وە ئەگەر مارەیشی بڕی بوو پێویستە هەڵی بوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان ناسراون بە دوعاكردن لە ئەهلو بەیتو هاوار بردن بۆ جگە لە خوای گەورەو شركی گەورەیان تیادایە[١٩].

## هاوسەرگیری كاتی (نِكَاح الْمُتْعَة)

**پرسیار(١٣): حوكمی هاوسەرگیری كاتی چی یە لە ئیسلامدا؟**

وەلاَم: هاوسەرگیری كاتی (الْزَوَاج الْمُتْعَة) لە ئیسلامدا دروست نیە **وە مارەبڕینێكی پوچەڵە** بە كۆی زانیانی ئەهلی سوننەتو جەماعەت، لەبەرئەوەی بە فەرموودەی صَحیح ئەو جۆرە مارەبڕینە مەنسوخ كراوە لە ئیسلامدا وە ئەوەی ئەو جۆرە مارەبڕینە بكات پوچەڵەو حیسابو حوكمی زینای بۆ دەكرێت، بۆ كەسێك كە عالمو شارەزابێت بەو حوكمە[٢٠].

## دەرچونی ئافرەت لە ماڵ بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی

**پرسیار(١٤): حوكمی دەرچونی ئافرەت چی یە لە ماڵی مێردەكەیو مانەوەی لە ماڵی باوكیدا بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی؟**

وەلاَم: **دروست نیە ئافرەت بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی لە ماڵ دەربچێت** چ بۆ ماڵ باوكی بێت یان بۆ هەر شوێنێكی تربێت، ئیللا ئەگەر زەرورەتێكی شەرعی هەبوو ناچاری بكات بە دەرچون[٢١].

---

[١٩] فَتَاوَى اللِّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإِفتاء (١٨/٣١٣).

[٢٠] فَتَاوَى اللِّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإِفتاء (١٨/٢٤٥).

[٢١] فَتَاوَى اللِّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإِفتاء (١٩/١٦٥).

## پاککردنەوەی منداڵ لە پیسی

**پرسیار(١٥): ئایا ئەگەر منداڵەکەم پاککردەوە لە پیسی دەستنوێژم دەشکێت؟**

وەڵام: ئەگەر ئافرەت منداڵەکەی پاککردەوەو دەستی دا لە عەورەتیو دامێنی ئەوە پێویست نیە لەسەری کە دەستنوێژ بگرێتەوە، تەنها دەستی دەشۆرێت لە پیسی لەبەرئەوەی دەست دان لە عەورەت بەبێ حەزو ئارەزو دەستنوێژ پوچەڵ ناکاتەوەو ناشکێت[٢٢].

## بۆیەی سەر نینۆک

**پرسیار(١٦): حوکمی بۆیەی سەرنینۆك چی یە؟**

وەڵام: دروست نیە بەکارهێنانی بۆیەی سەرنینۆك بۆ ئافرەتی نوێژکەر، چونکە دەبێتە ڕێگر لە گەیاندنی ئاو **لە دەستنوێژو خۆشۆریندا** وە هەروەها لە ڕویەکی تریشەوە خۆچواندنە بە ئافرەتانی بێباوەڕانەوە، کە ئەویش دروست نییە[٢٣].

## خەنەدان لەسەر

**پرسیار(١٧): ئایا ئەگەر ئافرەت خەنەی لەسەری گرت لە کاتی دەستنوێژدا مەسحی سەری دەکات؟**

وەڵام: بەڵێ، ئەگەر سەری خەنەی لێگرت ئەوە مەسحی سەری دەکاتو پێویست ناکات سەرو پرچی بکاتەوەو خەنەکەی لێبکاتەوە[٢٤].

(٢٢) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٢٠٣/١١).
(٢٣) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٤٨/١١).
(٢٤) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٧١/١١).

## دەرچوونی با لە دامێنی ئافرەتەوە

**پرسیار(١٨): ئایا دەرچوونی با لە دامێنی ئافرەتەوە دەستنوێژی پێ دەشکێت؟**

وەڵام: نەخێر، دەستنوێژی پێناشکێت، چونکە دەرنەچوە لە شوێنی پیسی یەوە وەکو با لە کۆمەوە دەردەچێت[٢٥].

## خەون بینینی ئافرەتان (الإحتلام)

**پرسیار(١٩): ئایا ئافرەتان خەون دەبینین؟ وە ئەگەر خەونیان بینی چی پێویستە لەسەریان وە ئەوەی خەونی بینیوە، بەڵام خۆی نەشوشتوە چی پێویستە لەسەری؟**

وەڵام: بەڵێ، ئافرەتان خەون دەبینن هەروەکو چۆن پیاوان خەون دەبینن، چونکە ئافرەتان هاوشێوەی پیاوانن، ئەگەر ئافرەت یان پیاو خەونی بینی، بەڵام **ئاوی نەبینی لە دوای هەستان یان شوێنەواری ئاوی نەبینی ئەوە خۆشۆرین پێویست نیە لەسەری، بەڵام ئەگەر ئاوی بینی ئەوە پێویستە لەسەری خۆی بشۆرێت** لەبەر فەرمودەکەی ئوم سولەیم (ڕەزای خوای لێبێت)، کە فەرمووی: إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ ، هَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا هِيَ احْتَلَمَتْ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ – صلى الله عليه وسلم – « نَعَمْ إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ »[٢٦]. واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئافرەت خۆشوشتنی لەسەرە ئەگەر خەونی بینی، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر ئاوی بینی. واتە: ئەگەر ئاوی بینی پێویستە خۆی بشۆرێت، **بەڵام ئەگەر خەونیشی بینی، بەڵام ئاوی نەبینی ئەوە خۆشوشتن پێویست نیە لەسەری** وە ئەگەر ئاوی بینینوە لە پێشودا، بەڵام خۆی نەشوشتوە ئەوە با هەوڵبدات چەند نوێژی فەوتاوە با بیکاتەوە[٢٧].

---

[٢٥] مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١١/١٩٧).

[٢٦] مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: البُخاري، رَقَمْ: (٢٨٢) و مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٧٣٨). واللَّفظُ لِلبخاري.

[٢٧] مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١١/٢٣٠).

## چۆنێتی خۆشوشتن (صِفَةُ الْغُسْلْ)

**پرسیار(٢٠): خۆشوشتنی غوسڵ چۆنە؟**

وەلام: خۆشوشتن دوو جۆری هەیە:

**١- شێوازی یەکەم**: جۆری واجبێتییەکەی پێویستە هەموو لاشەی تەڕببێت بە ئاو، هەروەها ئاو لە دەمو لوت وەربدات، ئەگەر هەموو لاشەی تەڕبو بەهەرشێوەیەك بێت ئەوە غوسڵەکەی تەواو بووە لەشگرانی لەسەر لاچوە وەك لەم ئایەتەدا خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْ﴾ [المائدة: ٦]. واتە: ئەگەر لەشتان گران بوو خۆبشۆنو غوسڵ دەربکەن.

**٢- شێوازی دووەم**: شێوازی غوسڵی تەواو ئەویش ئەوەیە، کە خۆی غوسڵ دەربکات هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ غوسڵی دەرکردوە لە سەرەتاوە هەردوو دەستی دەشوات، پاشان دامێنیو عەورەتی دەشواتو ئەوەیش لەو جوتبونەیە کە پێوەی لکاوە، پاشان دەستنوێژێکی تەواو دەشواتو بەو شێوازەی کە باسکراوە پاشان سێ جار سەری دەشوات بە ئاو دەستی تیادا دەهێنێتو پاشان ئاو دەکات بەسەر هەموو لاشەیدا. ئەمە شێوازی خۆشوشتنێکی تەواوە[٢٨].

(٢٨) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١١/٢٢٥).

## پێویستە خۆشوشتن لە دوای کاری شەرعی

**پرسیار(٢١): ئایا پێویستە لەسەر ژن و پیاو خۆیان بشۆرن لە دوای جوت بون ئەگەر چی ئاویش دانەبەزێت؟**

وەڵام: بەڵێ، واجبە لەسەر هەردوکیان خۆیان بشۆرن **ئەگەر ئاو دابەزێت یان نا** لەبەر فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: « إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ ثُمَّ جَهَدَهَا ، فَقَدْ وَجَبَ الْغَسْلُ » وَزادَ مُسلِم « وَإِنْ لَمْ يُنْزِلْ »[٢٩]. واتە: (ئەگەر دانیشت لەسەر چوار پەلی پاشان هەوڵیدا غوسڵ واجب دەبێت) وە لە ڕیوایەتی ئیمامی موسلیمدا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمووی: (ئەگەر چی ئاویش دانەبەزێت) ئەمە زۆر ڕونە لە واجب بونی غوسڵ لەسەر ژن و پیاو ئەگەر چی ئاویش دانەبەزێت، ئەم کارەیش شاراوەیە لای خەڵکانێکی زۆر پێویستە ئاگادارین[٣٠].

## درێژکردنەوەی نینۆك

**پرسیار(٢٢): ئایا حوکمی درێژکردنەوەی نینۆك چی یە؟ وە دانانی نینۆکی تر لەسەری؟**

وەڵام: درێژکردنی نینۆك پێچەوانەی سوننەتە، وە جێگیر بوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « الْفِطْرَةُ خَمْسٌ – أَوْ خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ – الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَنَتْفُ الإِبْطِ، وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ »[٣١]. واتە: (پێنج ڕەفتار هەن لە سروشتی ئادەمیزادن و لە سوننەتەکانن: بەرتاشین و خەتەنەکردن و سمێڵگرتن و هەڵکەندنی موی بن باڵ و نینۆك قرتاندن) وە دروست نیە زیاتر لە چل شەو بیهێڵێتەوە، چونکە درێژکردن خۆچواندنە بە ئاژەڵان و هەندێك لە بێباوەڕان، بەڵام دانانی نینۆك لەسەر نینۆکت باشتر وایە وازی لێبێنیت و پێویستە لە کاتی نوێژدا لایدەیت، چونکە دەبێتە ڕێگر لە گەیاندنی ئاو[٣٢].

---

(٢٩) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِي رَقْمْ: (٢٩١) وَ مُسلِمْ رَقْمْ: (٨٠٩).

(٣٠) مَجْمُوعِ فَتَاوَى وَرَسَائِلِ لِلْعُثَيمِين رَحِمَهُ اللهُ (١١/٢٢٣ - ٢٢٤).

(٣١) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِي، رَقْمْ: (٥٨٨٩) وَ مُسلِمْ، رَقْمْ: (٢٥٧).

(٣٢) الفَتَاوى – كِتَابُ الدَّعوة (٢/ ٧٩ – ٨٠). للسماحة الشيخ ابن باز رَحِمَهُ اللهُ.

## زیادبونی ڕۆژانی حەیز

**پرسیار(٢٣): ئایا ئەگەر ئافرەتێك عاددەی مانگانەکەی شەش ڕۆژ بوو یان حەوت ڕۆژ، بەڵام جارێك زیادی کرد حوکمی چی یە؟**

وەڵام: ئەگەر عاددەی ئافرەتێك شەش ڕۆژ بوو یان حەوت پاشان زیادی کرد بوو بە نۆ ڕۆژ یان زیاتر ئەوە دادەنیشێت نوێژ ناکات ڕۆژوش ناگرێت هەتا پاك دەبێتەوە، چونکە حەیز کاتێکی دیاری کراوی نیە، گرنگ ئەوەیە ئافرەت هەرکاتێك خوێنی بینی ئەوە نوێژ ناکات ئەگەرچی لە مانگەکانی تر زیاتر بوبێت یان کەمتر هەرکات پاکەوە بوو نوێژ دەکات[٣٣].

## خەنە لە دەست و سەرگرتن لە کاتی عاددەی مانگانەدا

**پرسیار(٢٤): ئایا دروستە خەنە لە دەست و سەرم بگرم لە کاتێکدا کە من لە حەیزدام؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە بۆت، چونکە لە ئەصڵدا هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نیە، کە قەدەغەت لێبکات[٣٤].

## توشبونی حەیز بەهۆی دەرمانەوە

**پرسیار(٢٥): ئایا ئەگەر ئافرەتێك بەهۆی خواردنی دەرمان و (عیلاجەوە) توشی حەیز بوو، نوێژی وازلێهێنا دوای کە پاك بویەوە نوێژەکانی دەگێڕێتەوە یان نا؟**

وەڵام: نەخێر، ئافرەت نوێژەکانی ناگێڕێتەوە، ئەگەر توشی حەیز بوو، چونکە حەیز خوێنێکە هەرکات بینرا حوکمەکەی جێ بەجێ دەبێت، هەروەك چۆن ئەگەر ئافرەتێك شتێك بخوات، کە حەیزی ڕابگرێت ئەوە نوێژ دەکات، ئاوهایش هەرکات حەیزی هات بە هەر هۆکارێکەوە بێت نوێژ ناکات[٣٥].

(٣٣) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٣٠٦/١).
(٣٤) فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، رقم فتوى: (٩٤٢٣).
(٣٥) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٢٧٢/١١).

## لەدەست چوونی ڕۆژو لەبەر نەخۆشی

**پرسیار(٢٦): ئایا ئەگەر کەسێك ڕۆژوی لە دەست چوو بەهۆی نەخۆشییەوە چی بکات؟**

وەڵام: ئەگەر خوای گەورە شیفای داو چاکەوە بوو ئەوە پێویستە ڕۆژووەکە بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکەی نەخۆشییەکی بەردەوام بوو وە بێئومێد بوو لە چاك بوونەوە، ئەوە خواردن دەدات بە هەژاران، لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات[٣٦].

## حوکمی بۆن و کل و سیواك و مەعجونی دان شۆردن و مکیاج بۆ ڕۆژووەوان

**پرسیار(٢٧): ئایا حوکمی بەکارهێنانی مکیاج و کل و بۆن و سیواك و مەعجونی دان شۆردن چی یە بۆ ڕۆژووان؟**

وەڵام: بەکارهێنانی کل لە کاتی بە ڕۆژو بووندا ڕۆژو ناشکێنێت، چونکە بەڵگەیەك نیە لەسەرئەوەی کە ئەگەر ڕۆژووان کل بەکاربهێنن ڕۆژووەکەیان پێبشکێنێت ، هەروەها بەکارهێنانی مکیاج و جگە لە مکیاج ئەوەی ئافرەت خۆی پێ جوان دەکات بۆ مێردەکەی ڕۆژو ناشکێنێت، بەڵام پێویستە لەسەری ئەوەی من بزانم ئەگەر کەسێك بەردەوام بێت لەسەری ئەوە زیانی پێدەگەیەنێت لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە سەردانی دکتۆر بکات و بە ڕاوێژی دکتۆر بەکاری بهێنێت، هەروەها دروستە بۆ ئافرەت بۆنی خۆش لە خۆی بدات لە کاتێکدا کە بەڕۆژووە، بەڵام ئەگەر ئەو بۆنە بخور بوو دەبێت هەڵی نەمژێت، چونکە بۆی هەیە دوکەڵەکەی بچێتە ناو مەعیدەیەوە، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «... وَبَالِغْ فِي الِاسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا »[٣٧]. واتە: (زیاد ئاو بە لوت هەڵمژە تەنها

(٣٦) مَجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (١٩/١٢١ - ١٢٢).

(٣٧) صَحِيح: مِشكاة المصابيح، رَقَم: (٤٠٥).

لە کاتی بەڕۆژوبوندا نەبێت). هەروەها سیواك کردن سوننەتە لە سەرەتای ڕۆژەوە تا کۆتاییەکەی، هەروەها بەکارهێنانی فڵچەو مەعجون دروستە، بەڵام باشتر وایە فڵچەو مەعجون بەکارنەهێنێت لە کاتی بەڕۆژوبووندا، چونکە ماددەیەکی بەهێزە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت لە کاتی بەکارهێنانیدا هەندێك لەو مەعجونە بچێتە ناو مەعیدەیەوەو ببێتە کەم‌و کورتییەك لە ڕۆژووەکەدا[٣٨].

## زۆرکردن لە خێزانت بۆ کاری شەرعی جوتبوون لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا

**پرسیار(٢٨): ئایا پیاوێك کە جوتبووە لەگەڵ خێزانی لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بە زۆر، بەڵام ئێستا تەوبەی لەو کارە کردووە چی لەسەر خێزانی پێویستە؟**

وەڵام: ئەگەر پیاوەکە **زۆری لە خێزانی کردبێت بۆ جوت بوون لەگەڵیداو خێزانیشی نەیتوانیبێت قەدەغەی لێ بکات** هیچ تاوانێك لەسەر ئافرەتەکە نیە، چونکە مرۆڤ تاوانی لەسەر نیە لە کارێکدا کە بەزۆر پێی دەکرێت[٣٩].

## باشترە بۆ ئافرەتان نوێژی تەراویح لە ماڵەوە بکەن

**پرسیار(٢٩): ئایا باشتر وایە ئافرەتان نوێژی تەراویح لە ماڵەوە بکەن یان لە مزگەوت بە جەماعەت؟**

وەڵام: باشتر وایە ئافرەتان نوێژی تەراویح لە ماڵەوە بکەن، وە دروستیشە نوێژ بە جەماعەت بکەن لە مزگەوتدا چی نوێژی فەرز بێت یان نوێژی تەراویح یان نوێژی جەنازە بێت یان نوێژی خۆرگیران یان مانگ گیران بێت، **بە مەرجێك دا پۆشراوبن بە حیجابێکی تەواو دوور لە دەرخستنی جوانی لاشەو جل‌و بەرگیان**[٤٠].

---

(٣٨) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٩/٢٢٨).

(٣٩) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٩/٢٢٨).

(٤٠) المنتقى من فتاوى الشيخ صالح الفوزان (٣/١٨٠ – ١٨١).

## پێش نوێژی ئافرەتان لە تەراویحدا

**پرسیار(٣٠): ئایا دروستە ئافرەتان پێش نوێژێك لە خۆیان دابنێن؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە بۆ ئافرەتان کە بە جەماعەت نوێژ بکەن چی تەراویح بێت یان پێنج نوێژە فەرزەکە بێت یەکێك لە ئافرەتان پێش نوێژییان بۆ بکات، لە یەکێك لە ماڵەکانیاندا یان لە شوێنێکی نادیار لە پیاواندا، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی دا بە ئوم وەرقە، کە نوێژ بە ئەهلو کەسو کاری ماڵەکەی خۆی بکات بە جەماعەت[٤١].

## بەکارهێنانی حەب بۆ ڕێگرتن لە حەیز لە حەج و عومرەدا

**پرسیار(٣١): ئایا حوکمی بە کارهێنانی حەب چی یە بۆ ڕێگرتن لە خوێنی حەیز لە کاتی حەج و عومرەدا؟**

وەڵام: بەکارهێنانی حەب لە کاتی حەج و عومرەدا دروستە، چونکە پێویستە، **بەڵام پێویستە پرس بە دکتۆر بکات**، چونکە هەندێك حەب هەیە زیانی پێدەگەیەنێت[٤٢].

---

(٤١) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى فَضِيلَة الْشَيخ صَالِحْ الْفَوزَان (٣/٢٠٤).

(٤٢) مَجْمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيْمِين رَحِمَهُ اللهُ (٢٢/٣٩٢).

## دەنگی ئافرەت

**پرسیار(٣٢): ئایا دەنگی ئافرەتان حەرامەو عەورەتە بە شێوازێك، كە نەتوانێت قسە لەگەڵ خاوەن دوكاندا بكات لە بازاڕدا بۆ كڕینی شتومەك و دورینی جل و بەرگ، بەبێ دەنگ ناسك كردنەوە؟**

وەڵام: دەنگی ئافرەت حەرام و عەورەت نیە، بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتە دەنگی خۆی لارو ناسك كردەوە بەشێوازێك، كە ببێتە فیتنە ئەوە خراپە، چونكە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا﴾ [الأحزاب: ٣٢]. واتە: بە شێوازێك دەنگتان ناسك مەكەنەوە، كە پیاوە دڵ نەخۆشەكان تەماحتان لێبكەن بەڵكو فەرمووی: بە شێوازێكی ناسك قسە مەكەن لە گەڵیاندا، لەبەر ئەمە قسەكردنی ئافرەت لەگەڵ پیاودا ئەگەر فیتنەی لێ دروست نەبێت هیچی تیادانیە، ئافرەت دەهات بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ قسەی دەكرد خەڵكی گوێیان لە قسەكەی دەگرت وەڵامیان دەدایەوە، بەڵام ئەگەر پیاوێك بە گوێگرتن لە ئافرەتێك لەزەتی دەرونی یان جنسی لێبكات دروست نیە بۆی گوێی لێ بگرێت[٤٣].

## دانانی ددانی ئاڵتون

**پرسیار(٣٣): ئایا حوكمی دانانی ددانی ئاڵتون چی یە؟**

وەڵام: دانانی دالتون دروست نیە بۆ پیاوان تەنها بۆ زەرورەت ناچاری نەبێت، چونكە ئاڵتون و خۆڕازاندنەوە پێی حەرام و قەدەغەكراوە لە پیاو، بەڵام بۆ ئافرەتان ئەگەر عادەتی ئافرەتان وابوو، كە خۆیان دەڕازاندەوە بە ددانی ئاڵتون، **ئەوە دروستە بۆ ئافرەتان كە ددانی ئاڵتون پڕبكەنەوە كاتێك عادەتی خەڵك وابوو، كە دەیكرد بۆ جوانی و پڕكردنەوە بەبێ ئیسراف**، چونكە پێغەمبەری

---

(٤٣) فتاوى مَنَار الإسلام (٣/ ٨٣٥ – ٨٣٦).

خوا ﷺ فەرمووی: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زُرَيْرٍ الْغَافِقِيِّ سَمِعْتُهُ يَقُولُ سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ يَقُولُ أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حَرِيرًا بِشِمَالِهِ وَذَهَبًا بِيَمِينِهِ ثُمَّ رَفَعَ بِهِمَا يَدَيْهِ فَقَالَ « **إِنَّ هَذَيْنِ حَرَامٌ عَلَى ذُكُورِ أُمَّتِي حِلٌّ لِإِنَاثِهِمْ** »[٤٤]. واتە: (حەلاڵ کراوە ئاڵتونو حەریر بۆ ئافرەتانی ئوممەتەکەمو حەرام کراوە لەسەر پیاوانی).

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك یان پیاوێك مرد دانی ئاڵتونی پێوە بوو ئەوە لێی دەکرێتەوە، ئیللا کاتێك نەبێت کە ترس ببێت بە ئەتککردن وەکو ئەوەی پوکی ددانەکانی تێکبچێت ئەو کاتە وازی لێ دەهێنرێت، چونکە ئاڵتون بە ماڵ حیساب دەکرێت، ماڵیش میراتگر دەیبات دوای مردن، مانەوەی ئاڵتونەکە بە مردووەکەوەو شاردنەوەی لە ناوگۆڕدا بە فیڕۆدانی ماڵە[٤٥].

## جوانکاری لە ددانەکاندا

**پرسیار(٣٤): ئایا دروستە ددانەکان ڕێك بخرێنو نزیك بکرێنەوە لە یەك؟**

وەڵام: ئەگەر پێویستی بەوە دەکرد وەك ئەوەی ددانەکان ناشرین بوون پێویستی بە ڕێکخستن بوو یان بۆ پێویستی یەك وەك ئەوەی نەیدەتوانی نان بخوات ئەوە چاکی بکات دروستە، بەڵام ئەگەر هیچ پێویستی یەکی پێ نەبوو ئەوە دروست نیە، بەڵکو هەڕەشە کراوە لەو کەسانەی کە ددانەکانیان لێك جیا دەکەنەوە بۆ جوانی[٤٦].[٤٧].

---

(٤٤) حديث صَحيح: رَواهُ ابن ماجه، رَقَم: (٣٧٢٦)، صَحيح وَضعيف ابن ماجه، رَقَم: (٣٥٩٥)، صَحيح الجامع الصغير وزيادته، رَقَم: (٤٠٣٨).

(٤٥) مَجْمُوعِ فَتَاوَى وَرَسَائِلِ لِلْعُثَيمِين رَحِمَهُ اللَّهُ ٤/١٠١).

(٤٦) فَتَاوَى نُورٌ عَلَى الدَّرْبِ (فَضِيلَة الشَّيخْ صَالِحْ الْفَوزَان) ص: (٣٤).

(٤٧) عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ – رَضِيَ اللهُ عَنهُ – قَالَ لَعَنَ اللَّهُ الْوَاشِمَاتِ، وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ، وَالْمُتَنَمِّصَاتِ **وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ** ، الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ. صَحيح البُخاري، رَقَم: (٥٩٤٣).

## نەشتەرگەری خۆجوانكردن

**پرسیار(٣٥): ئایا حوكمی نەشتەرگەری خۆجوانكردن و فێربوونی ئەو زانستە چی یە؟**

وەڵام: خۆجوانكردن دوو شێوازی هەیە:

**شێوازی یەكەم:** بۆ لابردنی عەیبو كەمو كورتیە، كە ڕوودەدات بە هەر هۆكارێكەوە بێت ئەم شێوازە دروستە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەیدا بەو پیاوەی كە بەشێك لە لوتی لە جەنگدا بڕابوو، بە ئاڵتون بۆی دروست بكرێتەوە.

**شێوازی دووەم:** خۆجوانكردنێكی زیادەیە، ئەویش بۆ لابردنی عەیبو كەمو كورتی نیە، بەڵكو بۆ زیادە جوانیە ئەوەیش دروست نیەو حەرامە، بەڵام فێربوونی ئەم زانستە لە مەنهەجی خوێندندا دروستە قوتابی فێری ببێت، بەڵام نابێت لە شێوازە حەرامەكە جێبەجێی بكات، بەڵكو پێویستە ئەوەی، كە داوای نەشتەرگەری لێ دەكات ئامۆژگاری بكات، چونكە زۆرجار ئامۆژگاری دكتۆر جێگیرترە لە دڵی خەڵكیدا[٤٨].

## چاویلكەی ڕەنگاو ڕەنگ (عەدەسە)

**پرسیار(٣٦): ئایا حوكمی چاویلكەی ڕەنگاو ڕەنگ (عەدەسە) چی یە؟**

وەڵام: چاویلكە (عەدەسە) لە چاو كردن بۆ پێویستی دروستە، بەڵام بەبێ پێویستی وازلێهێنانی چاكترە بە تایبەتی ئەگەر نرخەكەی گران بوو، چونكە بە ئیسرافێكی حەرام دادەنرێت، هەروەها جۆرێكە لە فێڵكردن، چونكە بەبێ پێویستی چاو بە شێوازێك دەردەخات، كە لە ڕاستیدا وانیە[٤٩].

---

(٤٨) فَتَاوَى الْمَرْأَة، ص: (١١٠).

(٤٩) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالِح الْفَوزَان (٣/١٧٧).

## كونكردنى گوىٚو لوت بۆ ئافرەتان

**پرسيار(٣٧): ئايا حوكمى كونكردنى گوىٚو لوت چى يە بۆ گوارەو ئاڵتون هەڵواسين پێيدا؟**

وەلاٚم: ڕاست ئەوەيە كونكردنى گوىٚ دروستە، چونكە ئەوە ڕێگەيەكە بۆ گەيشتن بە خۆڕازاندنەوەيەكى دروستو شەرعى، وەك چۆن جێگير بووە، كە ئافرەتانى صەحابە (ڕەزاى خوايان لێبێت) گوارەيان كردووەتە گوێيان، ئەم كون كردنە ئازارى هەيە، بەلاٚم ئازارێكى كەم وە ئەگەر لە تەمەنى منداڵيدا كون بكرێت ئەوە زوتر چاك دەبێتەوە، بەلاٚم كونكردنى لوت نەم بيستوە زانايان هيچيان دەربارەى وتبێت، بەلاٚم ئەوەى كە من ببينم جۆرە ئەتككردنو شێواندنێكى تێدايە، بۆى هەيە جگە لە ئێمە زانايان ئەوە وا سەير نەكەن، بەهەرحاڵ ئەگەر ئافرەتێك لە شارو شوێنێك بوو كونكردنى لوت كارێكى ئاسايى بوو تيايداندا ئەوە دروستە كونى بكات بۆ هەڵواسينى ئاڵتونو جوانى پێيدا[٥٠].

---

(٥٠) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٤/١٣٧).

## قژی ( صناعه ) دروستکراو

**پرسیار(٣٨): ئایا حوکمی قژی (صناعه) دروستکراو لەسەرکردن چی یە بە مەبەستی خۆجوانکردن بۆ پیاو ئایا دەچێتە ژێر قەدەغەوە؟**

وەڵام: قژی (صناعه) دروستکراو حەرامەو دروست نیەو دەچێتە ژێر فەرموودەکەی پێغەمبەری خواوە ﷺ ، کە نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە قژیان دەگەیەننە یەكو لەوانەیشی بۆیان دەکەن «لَعَنَ النَّبِيُّ – صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ » [٥١]، ئەگەر قژە صناعە دروستکراوەکە بە گەیاندنیش (الواصلة والمستوصلة) نەبێت ئەوە سەری ئافرەت بەشێوازێك نیشان دەدات، کە دەشوبهێت بەوەوە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك کەچەڵبوو وەیان هیچ قژێکی ئەوتۆی بەسەرەوە نەبوو، ئەوە دروستە بۆ داپۆشین‌و شاردنەوەی ئەو عەیبە، **چونکە لادان‌و شاردنەوەی‌و عەیب دروستە**، هەر لەبەرئەمە (حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ طَرَفَةَ عَنْ جَدِّهِ عَرْفَجَةَ بْنِ أَسْعَدَ أَنَّهُ أُصِيبَ أَنْفُهُ يَوْمَ الْكُلاَبِ فِى الْجَاهِلِيَّةِ فَاتَّخَذَ أَنْفًا مِنْ وَرِقٍ فَأَنْتَنَ عَلَيْهِ فَأَمَرَهُ النَّبِيُّ –صلى الله عليه وسلم– أَنْ يَتَّخِذَ أَنْفًا مِنْ ذَهَبٍ) [٥٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەیدا بەو پیاوەی، کە بەشێك لە لوتی براببوو لە جەنگێکدا بۆی دروست بکرێت لە ئاڵتون). ئەم پرسیارە لەم بابەتەیش فراوانترەو ئەچێتە ژێر ئەم بابەتەوە نەشتەرگەری‌و بچوككردنەوەی لوت‌و جگە لە لوت، ئەگەر بۆ لادانی عەیب‌و کەم‌و کورتی بێت ئەوە دروستە، وەك ئەوەی لوتی گێڕبێت ڕاستی بکاتەوە یان بۆ لادانی پەڵەیەکی ڕەشی ئەوە دروستە.

---

(٥١) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِي رَقَمْ: (٥٩٣٦) وَ مُسْلِمْ رَقَمْ: (٥٦٩٣). واللَّفظُ لِلْبخاري.

(٥٢) حَديثٌ حَسَنٌ: صحيح وَضعيف سُنَن النسائي، رَقَم: (٥١٦١).

بەڵام ئەگەر بۆ لادانی عەیب نەبێت **وەکو خاڵ کوتین و برۆ هەڵگرتن** بۆ نمونـە ئـەوە دروسـت نیـە وە بەکارهێنانی قژە صناعە دروست نیەو حەرامە ئەگەر بە ڕەزابوونی مێردەکەیشی بێـت، چـونکە ڕازی بوون و پرسکردن نیە لە کارێکدا کە خوا حەرامی کردووە[٥٣].

## سەربۆیەکردن

**پرسـیار(٣٩): ئایا دروسـتە ڕەنگـی ڕەش تێکـەڵ بکـەیت لەگـەڵ خەنـەدا سـەری پـێ بۆیـە بکەیت؟**

**وەڵام:** سەربۆیەکردن بە ڕەنگی سـادە ڕەش حەرامـەو دروسـت نیـە، چـونکە پێغەمبـەری خـوا ﷺ **فەرمووی:** عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﭬ قَالَ: أُتِىَ بِأَبِى قُحَافَةَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ وَرَأْسُهُ وَلِحْيَتُهُ كَالثَّغَامَةِ بَيَاضًا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ « **غَيِّرُوا هَذَا بِشَىْءٍ وَاجْتَنِبُوا السَّوَادَ** »[٥٤]. (قـژت بۆیـە بکـەو بیگـۆڕە، بـەڵام خـۆت دووربگرە لە ڕەش). بەڵام ئەگەر لەگەڵ ڕەشدا ڕەنگێکی ترت تێکەڵ کرد، **کە ڕەنگە ڕەشەکەی گۆڕی ئەوە دروستە**[٥٥].

---

(٥٣) (٦٤١ (المسْلِمون ٥٩).

(٥٤) رَوَاهُ مُسلم، رَقَم: (٥٣٦١).

(٥٥) مَجْمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيْمِين ﷬ (١١٩/٤).

## برۆهەڵگرتن

**پرسیار(٤٠): ئایا حوکمی برۆهەڵگرتن یان کورت کردنەوەی هەندێك لە برۆ چی یە؟**

وەلاَم: لادانی برۆ ئەگەر بە هەلگرتن بێت ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «لَعَنَ اللهُ ... النَّامِصَةَ وَ المُتَنَمِّصَةَ »[٥٦]. واتە: (خوای گەورە لەعنەتو نەفرینی کردوە لەو ئافرەتانەی، کە برۆهەڵدەگرنو ئەوانەشی کە برۆیان بۆ هەڵدەگیرێت). ئەمە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وە کە بەتایبەت باسی ئافرەت کراوە، چونکە زۆرجار ئافرەت ئەم کارە دەکات ئەگینا ئەگەر پیاویش بیکات بەهەمان شێوە بەر لەعنەت دەکەوێت، بەلاَم ئەگەر بە هەلگرتن نەبوو بە تاشین بوو یان بە کورت کردنەوە بوو، ئەوە هەندێك لە زانایان فەرموویانە: ئەوەیش وەك هەلگرتن وایە، چونکە ئەویش گۆڕینی دروستکراوی خوایە جیاوازی نیە لەوەی کە بەهەلگرتن بێت یان کورتی بکەیتەوە، ئەمەش چاکترە بە بێگومان، لەبەر ئەمە پێویستە خۆی لێبپارێزێت چی پیاو بێت یان ئافرەت[٥٧].

## هەلگرتنی موی ڕوومەتو – دەمو چاو –

**پرسیار(٤١): ئایا دروستە هەلگرتنی مووی برۆ یان کورت کردنەوەی ئەگەر کاتێك دەمو چاوت ناشرین بکات؟**

وەلاَم: ئەم پرسیارە دوو بەشە:

**بەشی یەکەم**: ئەوەیە، کە مووی برۆت لابەریت بە هەلگرتن ئەمە حەرامەو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە ئەمە لەعنەتی لێکراوە لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ.

---

(٥٦) صَحيح: صحيح الجامِع الصَّغير وَزِيَادَتُه ٩٢٢٥.

(٥٧) مجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٢/ ٨٣٠).

**بەشی دووەم:** ئەوەیە، کە لادەبرێت، بەڵام بە کورتکردنەوەو تاشین، ئەمەیان جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا، کە ئایا ئەمە بە هەڵگرتن حیسابە یان نا، باشتر وایە خۆتی لێ بەدوور بگریتو نزیکی نەکەویتەوە، بەڵام ئەگەر موویەکی زیاد لە حەددی هەبوو بە شێوازێك، کە لە شوێنێك ڕوابوو، کە عادەتی ئافرەتان موو لەو شوێنانە ناڕوێت **وەکو سمێڵو ڕومەت، ئەمە مووە دروستە لادانی، چونکە ئەمە پێچەوانەی عادەتی ئافرەتانە**، بەڵام بەزۆری عادەتی ئافرەتان وایە، کە هەندێکیان برۆیان تەنكو باریکە وە هەندێکیشیان برۆیان زۆرە، ئەمە ئاساییە ئەوەی کە ئاسایی بێت دەست کاری ناکرێت، چونکە خەڵکی بە عەیبی دانانەن، بەڵکو بوونی لە دەستدانی بە تەواوەتی جوانی حیساب دەکرێت، بوونی بریتی نیە لە عەیب تا مرۆڤ پێویستی بەلادانی بێت[٥٨]. (لەبەرئەوە دروست نیە دەستکاری بکرێت).

## لادانی مووی دەستو پێ

**پرسیار(٤٢): ئایا حوکمی لادانی مووی دەستو پێ چی یە؟**

وەڵام: ئەگەر زۆر بوو دروستە لادانی، چونکە ناشرینە، بەڵام ئەگەر ئاسایی بوو ئەوە هەندێك لە زانایان فەرموویانە: لانادرێت، چونکە لادانی گۆڕینی دروستکراوی خوایە، وە هەندێکیشیان فەرموویانە: دروستە، چونکە ئەمە خوای گەورە لێی بێدەنگ بوە، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: (مَا أَحَلَّ اللهُ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ حَلاَلٌ وَمَا حَرَّمَ اللهُ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ حَرَامٌ وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ عَفْوٌ)[٥٩]. (ئەوەی کە خوای گەورە بێدەنگ بوە لێی ئەوە لێبوردنی تیادایە). واتە: واجب نیە لەسەرتانو حەرامیش نیە لێتان.

(٥٨) مجموع فتاوى ورَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٨٣٢/٢).

(٥٩) صَحيح: سِلْسِلَة الأَحاديث الصَّحيحَة، رَقَمْ: (٢٢٥٦).

هەروەها زانایان فەرموویانە: مووەکان دەبن بەسێ جۆرەوە:

**جۆری یەکەم:** ئەوەیە، کە حەرام کراوە دەست لێدانی.

**جۆری دووەم:** ئەوەیە، کە شەرع داوای کردووە کە لایدەیت.

**جۆری سێ یەم:** ئەوەیە، کە شەرع بێدەنگ بووە لێی.

ئەوەی، کە شەرع فەرمانی کردووە، کە دەستی لێ نەدرێت ئەوە دەستی لێ نادرێت وەکو ڕیش بۆ پیاوان برۆ بۆ ئافرەتانو پیاوان.

ئەوەی کە شەرع فەرمانی کردووە، کە لابدرێت وەکو مووی بن باڵو بەرو سمێڵ.

ئەوەیش کە شەرع بێدەنگ بووە لێی ئەوە لێبوردنی تیایە، چونکە ئەگەر خوای گەورە ویستی بوایە ئەوە فەرمانی پێدەکرد بە هێشتنەوەی، وە ئەگەر ویستیشی نەبوایە فەرمانی دەکرد بەلادانی، لەبەرئەمە کاتێك بێدەنگ بووە لێی دەگەڕێتەوە بۆ حەزی مرۆڤ، ئەگەر حەزبکات دەیهێڵێتەوە ئەگەریش حەزبکات لای دەبات[٦٠].

---

(٦٠) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٤/١٣٤).

## سواربوون لەگەڵ شۆفێردا بە تەنها

**پرسیار(٤٣): ئایا دوو ئافرەت لەگەڵ شۆفێرێکدا سواری ئۆتۆمبیل ببن، بە مەحرەم حیساب دەکرێت؟**

وەڵام: دروست نیە بۆ ئافرەتی باوەڕدار بە تەنها سواری سەیارە بێت لەگەڵ شۆفێرێکدا، کە مەحرەم نیە بۆی، چونکە ئەمە ئەو خەڵوەو تەنیاییەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يَخْلُوَنَّ بِامْرَأَةٍ لَيْس مَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ مِنْهَا فَإِنَّ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ )[٦١]. واتە: (هەرکەسێك باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەیە، با بەتەنیا لەگەڵ ئافرەتێك کۆنەبێتەوە، کە مەحرەمی نیە، چونکە سێ یەمیان شەیتانە). **بەڵام ئەگەر کەسێکی تری لەگەڵدا بوو لەناو سەیارەکەدا ئەوە دروستە**، وە چەند ئافرەتێك لەگەڵ شۆفێرێکدا (لە شارەکەیاندا) ئەگەر داپۆشراوبن و بە حەیاو بە شەرم خۆبپارێزن، نەك لەبەرئەوەی، کە ئافرەت مەحرەمە بەڵکو لەبەر نەمانی خەلوەو تەنهایی[٦٢].

## تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتانی بێگانەدا

**پرسیار(٤٤): ئایا حوکمی تەوقەکردن چی یە لەگەڵ ئافرەتانی بێگانەدا، لە کاتێکدا ئەگەر پەڕۆیەك یان بەربەستێك لەسەر دەست دابنێت، وە ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان گەنج و پیردا؟**

وەڵام: دروست نیە تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا بە هەموو جۆرێکەوە گەنج بێت یان پیر، چونکە فیتنەیەکی گەورەیە بۆ هەردووکیان، وە جێگیربووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە

(٦١) صَحيح: رَوَاهُ أَحْمَد، رَقَمْ: (١١٤، ١٧٧)، وإِرواء الغَليل، رَقَم: (١٨١٣). مِنْ حَديث جَابر رضي الله عنه مَرفُوعاً.

(٦٢) الْمُنْتَقى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالِح الْفَوزَان (٣/١٦٦ – ١٦٧).

فەرموویەتی: « إِنِّي لاَ أُصَافِحُ النِّسَاءَ ...»[٦٣]. واتە: (من تەوقە لەگەڵ ئافرەتدا ناکەم). هەروەها عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: (مَا مَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَدَ امْرَأَةٍ قَطُّ ، غَيْرَ أَنَّهُ بَايَعَهُنَّ بِالْكَلاَمِ)[٦٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ قەت دەستی لە دەستی ئافرەت نەداوەو پەیمانیشی لێیان وەرنەدەگرت تەنها بە قسە نەبێت). جیاوازی نیە لەوەی تەوقە بکەیت دەستکێش یان پەڕۆی لەدەستدا بێت یان نا لەبەر عامێتیو کۆی بەڵگەکان، وە لەبەر ڕێگەگرتن لە فیتنە[٦٥].

## هەڵهەڵەلێدان

**پرسیار(٤٥): ئایا حوکمی هەڵهەڵەلێدان چی یە، کە دەنگێکە ئافرەتان لە کاتی خۆشیدا دەیکەن؟**

وەڵام: دروست نیە ئافرەتان دەنگیان بەرزبکەنەوە لە کاتی ئامادەبوونی پیاواندا، چونکە دەنگەکەیان فیتنەیە چی بە هەڵهەڵەو غەیری هەڵهەڵەش بێت، پاشان هەڵهەڵە کارێکی نەناسراو بووە لای موسوڵمانان لە کۆنو تازەدا، هەڵهەڵە کارێکی خراپەو پێویستە وازی لێبهێنرێت، ئەوەیشی ئەو کارە دەکات بەڵگەیە لەسەر بێ شەرمی ئەو کەسە[٦٦].

---

(٦٣) صَحيح: صَحيح وضَعيف النَّسائي، رَقَمْ: (٤١٨١)، و سِلسِلَة الأحَاديث الصَّحِيحَة، رَقَم: (٥٢٩).
(٦٤) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (٥٢٨٨) وَ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (١٨٦٦).
(٦٥) مجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل وَمَقالات متنوعة لابن باز رَحِمَهُ اللهُ، كِتَابُ الْدَعوَة (١/١٨٤).
(٦٦) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشيخ صَالِح الْفَوزَان (٣/١٥٥).

## هاوسەرگیری کچ بەبێ مۆڵەتی باوکی

**پرسیار(٤٦): ئایا دروستە کچ شوبکات بەبێ ئیزن و مۆڵەتی باوکی؟ وە ئایا دروستە کچان و کوڕان تەلەفۆن و نامە بۆ یەکتر بنێرن بەناوەی خۆشەیستیەوە؟**

وەڵام: دروست نیە بۆ ئافرەت شوبکات بەبێ مۆڵەتی باوکی، چونکە باوکی سەرپەرشتیارێتی و باوکی زیاتر قازانجی کچەکەی دەزانێت، بەڵام دروستیش نیە بۆ باوکی ڕێگربێت لە بەشودانی کچەکەی لە کاتێکدا کە خوازبێنی یەکی گونجاوو چاکی هاتوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: « إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ ». قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَإِنْ كَانَ فِيهِ قَالَ « إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ ». ثَلاَثَ مَرَّاتٍ[٦٧]. (ئەگەر کەسێك هاتە خوازبێنی کچ بۆلاتان، لە دین و ڕەوشتی ڕازیبوون، بیدەنێ، ئەگەر نەیکەن ئەوە فیتنەو فەسادیەکی گەورە دروست دەبێت لەسەر زەویدا). وە هەروەها دروست نیە بۆ کچان، کە سووربن لە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا، کە باوکی ڕازی نیە لەسەری، چونکە باوکی شارەزاترە لە کچەکە باوکی سەیری دوور دەکات ئەوەی، کە باوکەکە دەیزانێت کچەکە نایزانێت، زۆرجار خەیری تێدایە، کە نابێت وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡ﴾ [البقرة: ٢١٦]. واتە: هەندێك كار هەیە ئێوە پێتان خۆشە ببێت، بەڵام خراپە بۆتان، هەر لەبەر ئەمە پێویستە ئەو کچە داوا لە خوای گەورە بکات، کە پیاوێکی چاکی بە نسیب بکات، **وە دروست نیە لەنێوان کچان و کوڕاندا قسەکردن و نامە ناردن هەبێت**، چونکە ئەم

[٦٧] حَسَنٌ: رَوَاهُ التِّرْمِذِي، رَقَمْ: (١٠٨٥)، إِرْوَاء الغَلِيل، رَقَمْ: (١٨٦٨).

کارە سەر دەکێشێت بۆ کارێك کە کۆتاییەکەی باش نابێت، وە زۆر جار بەهۆی قسەکردنەوە حەیاو ئابڕوی کچەکە دەچێت بە تایبەتی، وە کاری زۆر خراپی بە دوادا دێت[٦٨].

## چوونە لای خێزان لەکۆمەوە

**پرسیار(٤٧): ئایا حوکمی چونە لای خێزان لە کۆمەوە یان چونە لای لە کاتی حەیزو نیفاس دا چی یە؟**

وەڵام: دروست نیە چونە لای خێزان لە کۆمەوە، هەروەها دروست نیە چونە لای خێزان لە کاتی حەیزو نیفاسدا، بەڵکو ئەمە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلْمَحِيضِۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ﴾ [البقرة: ٢٢٢ – ٢٢٣]. واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیارت لێدەکەن لە بارەی حەیزەوە، بفەرموو: ئەوە ئازارو ناڕەحەتیە بۆ ئافرەتان، جا لەکاتی بێنوێژیدا دورکەونەوە لە ئافرەتان تا پاك دەبنەوە، ئەگەر پاك بوونەوەو خۆیان شوشت ئەوە بڕۆنە لایان لەو شوێنەوە کە خوای گەورە فەرمانی کردووە، خوای گەورە تەوبەکارانو پاکو خاوێنەکانی خۆش دەوێت. خێزانەکانتان (لە پاکیدا) کێڵگەن بۆ ئێوە کەوا بوو بەهەر شێوەیەك پێتان خۆشە بچنەلایان (بە مەرجێك لە شوێنە شەرعییەکەوە بێت). خوای گەورە ڕونی کردووەتەوە لەم ئایەتەدا، کە واجبە دورکەوینەوە لە خێزانەکانمان لە کاتی حەیزدا، وە هەروەها قەدەغەی کردووە لێمان، کە نزیکیان نەکەوینەوە (بۆ جوتبوون) هەتا پاك دەبنەوە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە حەرامە جوتبوون لە حەیزدا،

(٦٨) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالِح الْفَوزَان (٣/ ٢١٨٩ – ٢١٩).

هەروەها لە کاتی نیفاسیشدا هەتا پاك دەبنەوە کاتێك کە پاکەوەبوونو خۆیان شۆرد دروستە پیاو بچێتە لای خێزانی لەو شوێنەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، ئەویش شوێنی منداڵ بوونە، بەڵام کۆم کە شوێنی پیسی یە شوێنی منداڵبون نیە دروست نیە چونە لای خێزان لە کۆمەوە، بەڵکو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وە یەکێکە لەو تاوانانەی، کە زۆر بە ئاشکرا لە شەرعدا باسکراوە، ئەبوداودو نەسائی گێڕاویانەتەوە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە فەرموویەتی: «مَلْعُونٌ مَنْ أَتَى امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا»[٦٩]. واتە: لەعنەتی لێکراوە ئەو کەسەی، کە دەچێتە لای خێزانی لە کۆمی یەوە. هەروەها ئیمامی تورمذیو نەسائی (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) گێڕاویانەتەوە، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « لاَ يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَى رَجُلٍ أَتَى رَجُلاً أَوِ امْرَأَةً فِى الدُّبُرِ »[٧٠]. واتە: خوای گەورە بە چاوی ڕەحمەت سەیری پیاوێك ناکات کە بچێتە لای پیاوێك، یان ئافرەتێك لە کۆمەوە. هەروەها چوونە لای خێزان لە کۆمەوە، یەکێکە لەو کارە حەرام کراوانەی کە حەرامە لەسەر پیاوانو ئافرەتان هەموویان، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت: لەبارەی قەومی لوطەوە، لوط (سەلامی خوای لێبێت) فەرمووی بە قەومەکەی: ﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ [العنكبوت: ٢٨]. واتە: ئێوە کاری فاحیشەیەك دەکەن، کە هیچ گەلێك پێش ئێوە ئەو کارەی نەکردووە. هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ سێ جار فەرمووی: «لَعَنَ اللَّهُ مَنْ عَمِلَ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ»[٧١]. واتە: لەعنەتی خوا لەو کەسە بێت، کە کاری قەومی لوط دەکات.

---

(٦٩) صَحِيح: رَوَاهُ أَبو داود، رَقَمْ: (٢١٦٢)، وَالنَّسائي في الْكُبْرَى، رَقَمْ: (٩٠١٥)، وَصَحَّحَهُ الأَلْبَاني في التَّرغيب وَالتَّرهيب، رَقَمْ: (٢٤٣٢).

(٧٠) حَسَنْ: رَوَاهُ التِّرْمِذي، رَقَمْ: (١١٩٨)، وَالنَّسائي في الْكُبْرَى، رَقَمْ: (٩٠٠١)، صَحيح وَضَعيف التِرْمِذي، رَقَم: (١١٦٦).

(٧١) رَوَاهُ أَحْمَدْ (٢١٧/١)، وَصَحَّحَهُ الأَلْبَاني في سِلْسِلَة الأَحَاديث الْصَّحيحَة، رَقَمْ: (٣٤٦٢).

پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانان خۆیان بپارێزن لەم كارەو لە هەمو ئەو كارانەی، كە خوای گەورە حەرامی كردووە، وە هەروەها پێویستە لەسەر ژنانو پیاوان خۆیان دووربگرن لەم كارە خراپە، وە لەسەر ئافرەتان خۆیان دوور بگرن لەم خراپەو حەرامەو نەهێڵن پیاوەكانیان بێنە لایان لە كاتی حەیزو نیفاسدا یان لە كۆمەوە، داوا دەكەم، كە خوای گەورە موسوڵمانان بپارێزێت لە هەموو كارێك، كە پێچەوانەی شەرعەكەیەتی[٧٢].

## بردنی ماڵی مێرد بەبێ مۆڵەتی

**پرسیار(٤٨): مێردەكەم مەسرەفی خۆمو منداڵەكانم ناكات، ئێمەش هەندێك جار بەبێ ئاگاداریو مۆڵەتی ئەو، پارە دەبەین ئایا تاوانبار دەبین؟**

وەڵام: دروستە بۆ ئافرەت، كە لە ماڵی مێردەكەی ببات ئەوەندەی كە پێویستێتی بۆ خۆیو منداڵەكانی بەبێ مۆڵەتیو ئاگاداری مێردەكەی، ئەگەر ئەوەندەی نەدا پێیان كە بەشیان بكات، بەڵام بەبێ زیادەڕەویو ئیسراف، چونكە هاتووە لە صەحیحەیندا عَنْ عَائِشَةَ ﵂ أَنَّ هِنْدَ بِنْتَ عُتْبَةَ ﵂ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ، وَلَيْسَ يُعْطِينِي مَا يَكْفِينِي وَوَلَدِي، إِلاَّ مَا أَخَذْتُ مِنْهُ وَهْوَ لاَ يَعْلَمُ فَقَالَ: « خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ »[٧٣]. واتە: لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: هندی كچی عتبە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو سوفیان ئەوەندەم ناداتێ، كە بەشی خۆمو منداڵەكانم بكات، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: لە ماڵەكەی بەرە بەشی خۆتو منداڵەكانت بە چاكە واتە بەبێ ئیسراف.[٧٤]

---

([٧٢]) مَجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل وَمَقالات متنوعة لابن باز ﵀، كِتَاب الدَّعوَة (٢/ ٢١٥ – ٢١٦).

([٧٣]) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (٥٣٦٤) وَ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٤٥٧٤). واللَّفظُ لِلْبخاري ﵀.

([٧٤]) فَتَاوَى نُورٌ عَلَى الدَّرْب، عبدالعزيز بن باز ﵀ (ص: ١٧).

## حوكمی مانەوەی ئافرەت لەگەڵ مێردی نوێژنەكەردا

**پرسیار(٤٩): ئایا ئەگەر ئافرەتێك پیاوەكەی نوێژی نەكرد بۆی هەیە لێی جیاببێتەوە؟**

وەڵام: ئەگەر ئافرەتێك مێردەكەی نوێژی نەكرد بە هیچ جۆرێك نە لەگەڵ جەماعەت نە بەتەنیا ئەوە لەو كاتەدا **مارەبڕینەكەی هەڵدەوەشێتەوە بە خێزانی حیساب ناكرێت حەڵاڵ نیە بۆ ئەو پیاوە** ئەوەی كە مێرد حەڵاڵە بۆی لە خێزانی خۆی، چونكە ئەو پیاوە لەم كاتەدا بۆ ئەو ئافرەتە وەك كەسێكی بێگانە وایە، هەروەها واجبە لەسەر ئەو ئافرەتە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ باوكیو ئەوەندەی لە توانایدا هەیە خۆی ڕزگار بكات لەو پیاوەی كە بێباوەڕبووە دوای موسوڵمان بوونی پەنا بە خوا هەر لەسەرئەمە دەڵێمو تكام وایە كە ئافرەتان گوێ بگرن هەر ئافرەتێك مێردەكەی نوێژنەكات ئەوە دروست نیە بۆی لەگەڵیدا بمێنێتەوە چاوپروكانێك هەتا ئەگەر خاوەن منداڵیش بێت لێی، چونكە لەم كاتەدا منداڵەكان هی دایكن باوكی هیچ مافێكی نیە لە بەخێوكرنیاندا، چونكە كەسی موسوڵمان نابێت بەخێوكەرەكەی بێباوەڕبێت، بەڵام ئەگەر خوای گەورە هیدایەتی داو گەڕایەوە بۆلای ئیسلامو دەستی كرد بە نوێژكردن، ئەوە خێزانەكەی دەگەڕێتەوە مادەم عیددەكەی كۆتایی پێ نەهاتبێت، بەڵام ئەگەر عیددەكەی كۆتایی پێ هاتبێت پێش ئەوەی گەڕابێتەوە بۆ نوێژكردن ئەوە ئەو ئافرەتە خۆی سەرپشكە، چونكە زۆرێك لە زانایان دەفەرموون: پیاوی هەڵگەڕاوە لە دین كاتێك كە خێزانەكەی عیددەكەی كۆتایی پێهات ناگەڕێتەوە بۆلای مێردەكەی كاتێك كە موسوڵمان بوو ئیللا بە مارەبڕینێكی تازە نەبێت[٧٥].

---

(٧٥) ابن عُثَيمين رَحِمَهُ الله. الفَتاوى وَدروس في الحَرَم المكِّي (ص: ٢٨٥).

## نەزۆكی پیاو

**پرسیار(٥٠): ئافرەتێك شودەكات ماوەیەك منداڵی نابێت پاشان بەهۆی فەحسەوە بۆی دەردەكەوێت كە هۆكاری منداڵ نەبونەكەی پیاوەكەیەتی، كە بەهیچ شێوازێك منداڵیان نابێت، ئایا بۆی هەیە ئەم ئافرەتە داوای تەڵاقی لێبكات؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە ئەم ئافرەتە داوای تەڵاق لە مێردەكەی بكات، كاتێك بۆی ڕوون بویەوە، كە تەنها هۆكار لە پیاوەكەوەیە، ئەگەر تەڵاقی نەدا ئەوە مەحكەمە مارەبڕینەكەی هەڵدەوەشێنێتەوە، چونكە ئافرەت هەقی خۆیەتی داوای منداڵ بكات وە زۆرێك لە ئافرەتان شو ناكەن ئیللا لەبەر منداڵ نەبێت كاتێك كە ئەو پیاوە نەزۆكە ئەوە ئەو ئافرەتە بۆی هەیە داوای تەڵاق بكاتو نیكاحەكە هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر خۆی حەزی كرد ئەمەش ڕای پەسەندە لای زانایان[٧٦].

## لەعنەتكردن لە منداڵو خێزان

**پرسیار(٥١): ئایا حوكمی كەسێك چی یە، كە لەعنەت لە منداڵەكانی دەكاتو ئایا لەعنەت لە خێزان بە تەڵاق حیساب دەكرێت؟**

وەڵام: دروست نیە لەعنەت لە خێزانت بكەیت، بەڵام لەعنەت كردن تەڵاق نیەو بە تەڵاق حیساب ناكرێت بەردەوام خێزانتەو تۆش پێویستە تەوبە بكەیتو بۆلای خوای گەورەو گەردنی خۆت بەو كەسە ئازاد بكەیت كە جوێنت پێداوە، هەروەها دروست نیە لەعنەت لە منداڵو هیچ كەس بكەیت لە موسوڵمانان، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: « سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ ، وَقِتَالُهُ كُفْرٌ »[٧٧]. واتە: جوێندان بە موسوڵمانان فاسقێتیەو كوشتنیشی كوفرە. وە لەفەرموودەیەكی تردا

---

(٧٦) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٢/٧٩٣).

(٧٧) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (٤٨) وَ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٢٣٠).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «... وَلَعْنُ الْمُؤْمِنِ كَقَتْلِهِ ... »[٧٨]. واتە: لەعنەتکردن لە باوەڕدار وەك کوشتنی وایە. ئەم دوو فەرمووده صەحیحە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە لەعنەتکردن لە برای موسوڵمان یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، پێویستە موسوڵمان زمانی خۆی بە دوربگرێت لەم تاوانە گەورەیە، بەڵام بە لەعنەتکردن لە خێزانت تەڵاقت ناکەوێت[٧٩].

## حوکمی لەبەرکردنی پۆشاکی کورت و تەنك لەلایەن ئافرەتانەوە

**پرسیار(٥٢): ئایا حوکمی لەبەرکردنی جلی تەسك چی یە لای ئافرەتان و کەسی مەحرەمدا؟**

وەڵام: لەبەرکردنی جلی تەسك و تەنك، کە شوێنی فیتنەی ئەو ئافرەتە دەردەخات کارێکی حەرامە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا »[٨٠]. دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی ئاگرن، بەڵام من نەیانم بینیوە، یەکێکیان قامچی و کێبڵیان پێیە لە خەڵکی پێدەدەن، واتە بە ستەم و زوڵم، وە یەکێکی تریان ئافرەتانێکن پۆشتەن و ڕوتن، تەفسیری پۆشتەن و ڕوتن کراوە بەوەی کە جل و بەرگی کورت و تەنك لەبەردەکەن و ئەوەی کە پێویستە بپۆشرێت ناپۆشن، کە دەبێتە مایەی فیتنە بۆ خەڵکی، هەر لەبەر ئەمە دروست نیە بۆ ئافرەتان ئەم جل و بەرگە لەبەر بکەن تەنها بۆ مێردەکانیان نەبێت، چونکە لەنێوان ژن و مێردا عەورەت نیە، وەکو خوای گەورە

---

[٧٨] مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِي، رَقَمْ: (٦٦٥٢) وَ مُسْلِم، رَقَمْ: (٣١٦).

[٧٩] مجمُوع فتَاوى وَرَسَائِل وَمَقالات متنوعة لابن باز رحمه الله، كِتاب الدعوَة (٢/٢٤٨).

[٨٠] رَواهُ مُسلِم، رَقَمْ: (٥٧٠٤).

دەفـــەرموويێت: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ۝٢٩ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ﴾ [المعارج: ٢٩ – ٣٠]. واتە: ئەوانەی کـە دامێنـی خۆيـان دەپـارێزن، تـەنها لەبەرامبـەر مێردەکانيـان خاوەنو سەيدەکانياندا نەبێت کاتێك کە کۆيلەن، تەنها لەو دوکاتەدا لۆمەکراونين.

هـەروەها عائيـشە (ڕەزای خـوای ليبێـت) فـەرمووی:(كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ تَخْتَلِفُ أَيْدِينَا فِيهِ مِنَ الْجَنَابَةِ)[٨١]. واتە: منو پێغەمبەری خوا ﷺ غوسڵمان لە لەشگرانی دەرکرد لە يەك تەشتدا دەستمان لەيەکی دەدا. ژنو پياو عەورەت نيە لەنێوانياندا، بـەڵام جلی تەسكو تەنك دروست نيە ئافرەتـ لەبـەری بکات چـی لـەلای مـەحرەمی خـۆی بێـت، يـان لای ئافرەتان بێت[٨٢].

## حوکمی پانتۆڵ لە پێکردن بۆ ئافرەتان

**پرسيار(٥٣): ئايا حوکمی پانتۆڵ لەپێکردن چی يە بۆ ئافرەتان؟**

وەڵام: بەهيچ شێوەيەك ئافرەت بۆی دروست نيـە پـانتۆڵ لـەپێبکات، تەنانـەت ئەگـەر تـەنها لەگـەڵ مێردەکەيشيدا بوو، چونکە خۆشوبهاندنە بە پياوانەوە ئەوانەی پـانتۆڵ لەپێدەکـەن پيـاوانو جـلو بـەرگی پياوانـە، هـەروەها پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەعنـەتی کـردووە لـەو ئافرەتانـەی کـە خۆيـان دەشوبهێنن بە پياوانەوە[٨٣]، بەڵام لەبەرکردنی جگە لە پانتۆڵ لای مـەحرەمی خـۆی دەبێـت جلێك

---

(٨١) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخاري، رَقَمْ: (٢٦١) وَ مُسْلِمٌ، رَقَمْ: (٧٥٧). واللَّفظُ لِمُسلِمْ

(٨٢) مَجْمُوعِ فَتَاوَى وَرَسَائِلِ لِلْعُثَيمِين رَحِمَهُ اللهُ (١٢/٢٧٢).

(٨٣) (لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ – صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمْ – الْمُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ، **وَالْمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ**). صَحيح البُخاري، رَقَم: (٥٨٨٥).

لەبەرکات کە هەموو لاشەی داپۆشێت زۆرجار، بەڵام ئەگەر لای مەحرەمی خۆی دەستو پێ‌و سەرو دەمو چاوی دەرکەوت ئەوە دروستەو هیچی تێدانیە[٨٤].

## حوکمی چونی ئافرەتان بۆلای پزیشکی پیاوان

**پرسیار(٥٤): ئایا حوکمی چونی ئافرەتان چی یە بۆلای پزیشکی پیاوان لەکاتی زەرورەتداو لەکاتی نەبونی پزیشکی ئافرەتاندا ئایا تا چەند لاشە دەربخات دروستە بۆ پزیشك؟**

وەڵام: چونی ئافرەتان بۆلای پزیشکی پیاوان دروستە لەکاتی نەبونی پزیشکی ئافرەتاندا هەروەك زانایان باسیان کردووە، هەروەها دروستە لاشە پیشانی پزیشکی پیاوان بدەیت ئەوەندەی کە زەرورە، **بەڵام پێویستە مەحرەمی خۆتت لەگەڵدابێت‌و تەنها نەبیت لەگەڵ پزیشکدا**، چونکە بەتەنها بوون لەگەڵ غەیری مەحرەمی خۆت دروست نیە ئەمەش بۆ پێویستیە، هەروەك چۆن زانایان باسیان کردووە لە کاتی پێویستیداو بە ئەندازەی پێویستییەکە دروستە[٨٥].

---

[٨٤] مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٢٨٨).

[٨٥] مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٢٨٨).

## حوكمی نوێژكردن بە جلو بەرگی پیسەوە

**پرسیار(٥٥): ئایا ئەگەر كەسێك لە یادی چوو نوێژی كرد بە جلو بەرگی پیسەوە، پێویستە لەسەری نوێژەكەی دووبارە بكاتەوە؟**

وەلام: بۆچونی تەواو ئەوەیە كە دوبارەكردنەوەی لەسەر نیە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ [البقرة: ٢٨٦]. واتە: خوایە لێمان مەگرە لەوەی لەیادمان چوو یان هەڵەمان كرد خوای گەورەیش فەرمووی: لە فەرموودەكەدا هاتووە (**قَدْ فَعَلْتُ**). واتە: جێبەجێم كرد. كە ئەوەی لە یادی چو یان هەڵەی كرد لێی خۆشبم.[٨٦]

## حوكمی پۆشاكێك كە وێنەی لەسەربێت

**پرسیار(٥٦): ئایا حوكمی پۆشاك چی یە كە وێنەی بەسەرەوەبێت؟**

وەلام: دروست نیە بۆ مرۆڤ جلو بەرگێك لەبەر بكات، كە وێنەی گیاندار یان مرۆڤی پێوەبێت هەروەها دروست نیە كڵاو یان عەمامەیەك لەسەر بكاتو وێنەی پێوەبێت، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «... أَنَّ الْمَلَائِكَةَ لَا تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ صُورَةٌ ...»[٨٧]. واتە: فریشتە نایاتەماڵێكەوە كە وێنەی تیادا بێت. هەر لەبەر ئەمە دروست نیە وێنە هەڵبگیرێت بۆ یادگاری هەروەك خۆیان دەڵێن، وە هەر كەسێك وێنەی هەڵگرتووە بۆ یادگاری واجبە لەسەری لەناوی بدات، جیاوازی نیە چی لەسەر دیوار هەڵبواسرێت یان لە ئەلبومدا هەڵبگیردرێت یان لە شوێنێكی تردا هەر دروست نیە، چونكە هێشتنەوەی وێنە لە ماڵدا ئەبێتە قەدەغەكردنی فریشتەی ڕەحمەت لە ماڵدا ئەمەش فەرموودەی صەحیحی لەسەر هاتووە[٨٨].

---

(٨٦) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٣٠١).

(٨٧) صحيح البخاري، رقم: (٣٢٢٤).

(٨٨) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٢٣٤).

## حوكمی نوێژكردن بەبێ دەستنوێژ

**پرسیار(٥٧): ئایا كەسێك نوێژ بكات لە دوای تەواوبوونی نوێژەكە ئینجا زانیبێتی، كە لەشی گران بووە، حوكمی چی یە؟**

وەڵام: هەركەسێك نوێژی كرد پاشان بۆی دەركەوت، كە لەشی گران بووە، یان بێ دەستنوێژ بووە، ئەوە **واجبە لەسەری غوسڵ یان دەستنوێژ هەڵبگرێت و نوێژەكەی دوبارە بكاتەوە**، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « لاَ تُقْبَلُ صَلاَةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ ... »[٨٩]. واتە: خوای گەورە نوێژی هیچ كەسێك قبوڵ ناكات بەبێ دەستنوێژ.

## حوكمی بردنی منداڵان بۆ مزگەوت

**پرسیار(٥٨): ئایا حوكمی بردنی منداڵی بچوك چی یە بۆ مزگەوت ئەگەر نوێژیان لە خەڵكی تێك دەدا؟**

وەڵام: دروست نیە منداڵی بچوك بەریت بۆ مزگەوت ئەگەر ئەو منداڵە بوە مایەی دەنگە دەنگو ئازار بۆ نوێژخوێنان، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ ناو صەحابەكان (ڕەزای خوایان لێبێت) لەكاتێكدا نوێژیان دەكردو دەنگیان بەرز دەكردەوە فەرمووی: « أَلاَ إِنَّ كُلَّكُمْ مُنَاجٍ رَبَّهُ فَلاَ يُؤْذِيَنَّ بَعْضُكُمْ بَعْضًا وَلاَ يَرْفَعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الْقِرَاءَةِ »[٩٠]. واتە: (هەمووتان داوا لە پەروەردگارتان دەكەن كەستان ئازاری كەستان نەدەن وە كەسیشتان دەنگ بەرزنەكەنەوە بەسەر كەسێكی تردا لە قورئان خوێندندا). ئەگەر دەنگە دەنگ قەدەغەكرابێت هەتا لە قورئان خوێندندا چی دەڵێیت بۆ یاریو دەنگە دەنگی منداڵ، بەڵام ئەگەر ئەو منداڵە دەنگە دەنگو ئازاری بۆ نوێژخوێنان دروست

---

[٨٩] صَحيح مُسلِم، رَقَم: (٥٥٧).

[٩٠] حَديثٌ صَحيح: صَحيح وضعيف سُنَن أَبي داود، رَقَم: (١٣٣٢).

نەدەکرد، ئەوە لەو کاتەدا کارێکی چاکە فێری مزگەوتیان بکەیت، چونکە ڕادێن لەسەر نوێژی جەماعەتو دڵیان پەیوەست دەبێت بە مزگەوتەوە[٩١].

## حوکمی نیەتهێنان بە زمان

**پرسیار(٥٩): ئایا حوکمی نیەتهێنان بە دەم چی یە لە نوێژدا؟**

وەڵام: نیەتهێنان لە نوێژدا کارێکە نە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ وە نە لەسەردەمی سەلەفی صالّحدا (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت) نەبوە، بەڵکو ئەمە بیدعەیەکە خەڵکی دروستیان کردووەو هیچ داخوازی یەکیشی نیە، چونکە نیەت جێگاکەی دڵە خوای گەورەیش شارەزایە بەوەی کە لەدڵی بەندەکانیدایە، خوای گەورە بێئاگا نیە تا پێویستی بەوەبێت کە تۆ وەستای بۆ نوێژ بڵێی خوایە من نیەتم وایە ئەوەو ئەوە بکەم، خوای گەورە ئاگادارە بە ڕابردوتو ئێستاتو داهاتوت، نیەتهێنان بەدەم سەلەفی صالّح (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت) نەیانکردووە، ئەگەر چاکە بوایە ئەم کارە ئەوە ئەوان پێش ئێمە دەیان کرد هەر لەبەر ئەمە دروست نیە نیەت بەدەم بهێنیت بۆ نوێژو بۆ غەیری نوێژیش نە بە ئاشکراو نە بەنهێنی[٩٢].

## نوێژکردنی ئافرەتان لەسەر مردوو

**پرسیار(٦٠): ئایا دروستە ئافرەتان نوێژ لەسەر مردوو بکەن؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە بۆ ئافرەتان نوێژ لەسەر مردوو بکەن هەروەك پیاوان، چونکە ئەمە نوێژو دوعا کردنە بۆ مردووەکەو پاداشتێکیشە بۆ نوێژخوێنان، بەردەوام موسوڵمانان نوێژیان کردووە لەسەر مردووەکانیانو ئافرەتانیش لە مزگەوتدا نوێژیان لەسەر مردووەکانیان کردووە[٩٣].

---

(٩١) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٣٩٢).
(٩٢) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٢/٤٤١).
(٩٣) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٧/١١٤).

## حوکمی لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەش بۆ تەعزێ

**پرسیار(٦١): ئایا حوکمی تایبەتکردنی جل و بەرگێکی تایبەت چی یە بۆ تەعزێ وەکو جلی ڕەش؟**

وەڵام: **تایبەتکردنی جل و بەرگێکی دیاریکراو بۆ تەعزێ بیدعەیە و دروست نیە**، چونکە ئەو کارە وا دەردەخات، کە ئەو کەسە توڕەیە لە قەدەری خوا، هەرچەندە هەندێك لە خەڵکی پێیان وایە کە هیچی تێدانیە، بەڵام مادام پێشینی چاك ئەم کارەیان نەکردووە، هەروەها جۆرێك لە دەرخستنی تێدایە لە تووڕەبوون، ئەوە گومانی تیادا نیە کە وازهێنان لێی چاکترە، چونکە تایبەتکردنی جلی ڕەش لە تاوانەوە نزیکترە، وەك لە سەلامەتی لە تاوان[٩٤].

## زەکات لە ئاڵتونی ئافرەتدا

**پرسیار(٦٢): ئایا زەکات لە ئاڵتونی ئافرەتاندا هەیە، کاتێك ئەو ئافرەتە بیکات بە قەدی خۆیدا بۆ جوانی، وە ئەگەر ئەو ئافرەتە نەیبو پارەی زەکاتەکە بدات تەنها بەوەنەبێت هەندێك لەو ئاڵتونە بفرۆشێت چی بکات؟**

وەڵام: وەڵامی ڕاست لە وتەی زانایاندا ئەوەیە، کە ئەوە بۆچونی تەواوە **لەلای من، کە زەکات واجبە لە ئاڵتونی ئافرەتاندا کاتێك بگات بە حەدی زەکات، کە گەیشتە ئەو حەددە واجبە زەکاتی لێبدرێت**، ئەگەر ماڵی هەبوو ئەوە لە ماڵەکەی دەیدات، وە ئەگەر مێردەکەی یان کەسێکی خۆی بۆی بدات هەر دروستە، ئەگەر نا ئەوە دەبێت بەشێك لە ئاڵتونەکە بفرۆشێت و زەکاتەکەی لێبدات[٩٥].

---

(٩٤) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٧/٤١٠).

(٩٥) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٨/١٣٨).

## ئاڵتونی چەند کەسێك كۆناكرێتەوە تـا زەكاتی لێ دەربكەن

**پرسـیار(٦٣): پیاوێـك چـەند كـچێكی هەيـە هەريـەك لـەو كـچانە هەنـدێك ئاڵتونيـان هەيـە، ئەگەر هەمووی كۆبكەيتەوە ئينجا دەگاتە حەددی زەكات، بەڵام تەنها بەشی هيچ يەكێكيان ناگاتە حەددی زەكات ئايا واجبە كە من هەمووی كۆبكەمەوەو زەكاتی لێبدەم يان نا؟**

وەڵام: ئەگـەر ئـەو ئاڵتونـەت داوە پێيـان لايـان بێـتو هـەر مـوڵكی خۆتـە، **ئـەوە واجبـە هـەمووی كۆبكەيتەوە ئەگەر گەيشتە حەددی زەكات زەكاتەكەی لێبـدەيت**، بـەڵام ئەگـەر ئـەو ئاڵتونـەت داوە پێيان بۆ خۆيان ئەوە **پێويست نيە كە ئاڵتونەكانيان كۆبكەيتەوە**، چـونكە هـەر يـەكێكيان مـوڵكی تايبەتی خۆيەتی، هەر لەسەر ئەمە ئەگەر هەر يەكێكيان ئاڵتونەكانيان گەيشتە حەددی زەكات ئينجا زەكاتی تيادايە ئەگەر نا ئەوە زەكاتی تيادا نيە[٩٦].

## حوكمی سەرفترەدان بە پارە

**پرسيار(٦٤): ئايا دروستە سەرفترە بە پارە دەربكەيت؟**

وەڵام: **سەرفترە دروست نيە تەنها بە خواردن نەبێت دروست نيە بە پارە دەريبكـەيت**، چـونكە ئـەبو سەعيدی خودری (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: (كُنَّا نُخْرِجُ زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ طَعَامٍ)[٩٧]. (ئێمـە سەرفترەمان دەردەكرد لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ صاعێك – دووكيلۆو نيو – لە خواردن).

هەر لەبەرئەمە دروست نيە بۆ هيچ كەسێك سەرفترە دەربكات بە پارە يان بە جلو بەرگ يـان ڕاخـەر بەڵكو واجبە دەری بكەيت بەوەی كە خـوای گـەورە واجبـی كـردووە لەسـەر زمـانی پێغەمبەرەكـەی ﷺ، وە چاكەو عيـبرەت بەوەنيـە كـە كەسـێك چـی پێبباشـە، چـونكە ديـن بريتـی نيـە لـە بۆچـونی

---

(٩٦) مُجموع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمين رحمه الله (١٤٢/١٨).

(٩٧) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (١٥٠٦) وَ مُسْلِم، رَقَمْ: (٢٣٣٠)

خەڵكی، بەڵكو دین بریتیە لەوەی لەلایەن خوای زاناو كاربەجیٚ دانراوە، خوای گەورەیش زاناترەو كار لەجیٚترە، لە كاتیٚكدا لەسەر زەمانی پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرزكراوە، كە صاعیٚك لە خواردن بدریٚت، دروست نیە لەوە لابدریٚت هەرچەندە بە عەقڵی خۆمان بە باشی بزانین، بەڵكو واجبە لەسەر مرۆڤ ئەگەر شتیٚكی بە باش زانی پیٚچەوانەی شەرعەكەی خوا بوو ئەوە ڕەخنە لە عەقڵ و بۆچونی خۆی بگریٚت[٩٨].

## ڕۆژو شكاندن و خواردن و خواردنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا

**پرسیار(٦٥): كەسیٚك ڕۆژو دەشكیٚنیٚت لە مانگی ڕەمەزاندا بەهۆی عوزریٚكی شەرعیەوە دروستە خواردن و خواردنەوە بخوات؟**

وەلاٚم: بەڵیٚ، دروستە خواردن و خواردنەوە بخوات، **چونكە بەهۆی عوزریٚكی شەرعیەوە شكاندوویەتی** بە پیٚچەوانەی كەسیٚك كە بیٚ عوزریٚكی شەرعی ڕۆژوو دەشكیٚنیٚت ئەوە پیٚویستە هەتا ئیٚوارە خۆی بگریٚتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا واجبە لەسەریشی ڕۆژوی ئەو ڕۆژەش بگریٚتەوە[٩٩].

## حوكمی ئافرەتیٚك كە لە حەیز پاك دەبیٚتەوە پیٚش بەرەبەیان

**پرسیار(٦٦): ئایا ئەگەر ئافرەتیٚك پیٚش بەرەبەیان فەجر لە حەیز پاك بوویەوە، بەلاٚم نەیتوانی خۆی بشوات هەتا دوای بەرەبەیان دروستە بەڕۆژو بیٚت؟**

وەلاٚم: ئەگەر ئافرەت لە حەیز پاك بوویەوە پیٚش فەجر، بەلاٚم بە دڵنیایی ئەگەر بە یەك دەقیقەش بیٚت، ئەوە پیٚویستە خۆی بگریٚتەوە، وە ڕۆژوی ئەو ڕۆژەیشی دروستە و تەواوە، چونكە بەڕۆژو بووە لە پاكیٚتیدا با خۆیشی نەشۆردبیٚت ئیلا لە دوای بانگ و بەرەبەیانەوە نەبیٚت، هەروەك چۆن ئەگەر

---

([٩٨]) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٨/٢٨٠).

([٩٩]) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٩/١٠٠).

پیاوێك جووتبوو بوو لەگەڵ خێزانیدا، یان توشی ئیحتیلامو خەوبینین بوو بەیانی بەسەردا هاتو غوسڵی دەرنەکردبوو ئیللا لە دوای بەرەبەیانەوە نەبێت ئەوە ڕۆژووەکەی دروستە، هەر لەبەرئەمە پێم باشە باسی ئەوە بکەم ئەگەر ئافرەتێك ڕۆژوی گرت لەدوای ڕۆژو شکاندن توشی حەیزبوو ئەوە ڕۆژووەکەی تەواوو دروستە(١٠٠).

## حوکمی گۆرانیو مۆسیقاو سەیرکردنی فیلم

**پرسیار(٦٧): ئایا حوکمی گۆرانیو مۆسیقاو سەیرکردنی فیلم چی یە، بە تایبەتی ئەو فلیمو دۆبلاژکراوانەی کە ئافرەتی تێدایە؟**

وەلاّم: گوێگرتن لە گۆرانیو مۆسیقا حەرامەو دروست نیە، هیچ گومانێك لە حەرام بوونیدا نیە، هەروەك چۆن لە سەلەفی صاڵحەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت) هاتووە لە صەحابەو تابعینەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، کە فەرموویانە: گوێگرتن لە گۆرانیو مۆسیقا نیفاقو دووڕویی لە دڵدا دروست دەکات، گۆرانیو مۆسیقا لەو قسە خراپانەیە، کە خەڵکی حەزی لێدەکات هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴾ [لقمان: ٦]. عبدالله کوڕی مسعود (ڕەزای خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لەو ئەم ئایەتە مەبەست پێی گۆرانیو مۆسیقایە، تەفسیرکردنی صەحابەش (ڕەزای خوایان لێبێت) بۆ ئایەت حوججەو بەڵگەیە، چونکە لە پلەی سێیەمدایە، پلەی یەکەم تەفسیرکردنی قورئان بە قورئان، پلەی دووەم تەفسیری قورئان بە فەرموودە، پلەی سێیەم تەفسیری قورئان بە وتەی

(١٠٠) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٠٦/١٩).

صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت)، چونکە تەفسیری صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) لە تەفسیری هەموو کەس نزیکترە لە ڕاستیەوە، هەروەها گوێگرتن لە گۆرانیو مۆسیقا کەوتنە ناو ئەو قەدەغەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگادارمانی کردووەتەوە لێی، کە دەفەرموێت: قەومو گەلێك دێن لە ئوممەتەکەی مندا کە ئەم شتانەحەلاڵ دەکەن « لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ ... »[١٠١]. واتە: زیناو لەبەرکردنی جلو بەرگی حەریرو ئارەقو گۆرانیو مۆسیقا) بوخاری گێڕایەتیەوە لە ئەبو مالیك ئەشعەری یاخود ئەبو عامری ئەشعەریەوە. هەر لەبەرئەمە ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکەم بەوەی کە خۆیان دووربگرن لە گوێگرتن لە گۆرانیو مۆسیقا وە هەڵنەخەڵەتێن بە وتەی هەندێك لە زانایان، کە فەرموویانە حەلاڵە، چونکە بەڵگە لەسەر حەرامێتی زۆر ڕونو ئاشکرایە گومانی تیادا نیە.

هەروەها سەیرکردنی فلیمو موسەلسەلات، کە ئافرەتی تیادایە حەرامەو دروست نیە، چونکە سەردەکێشێت بۆ فیتنەو پەیوەست بوون بە ئافرەتەوە، فلیمو موسەلسەلات هەمووی زەرەربەخشە تەنانەت ئەگەر ئافرەتیشی تیادا نەبێت، بەس پیاویش دەری بکاتو ئافرەتیش سەیری بکات، هەر زیانبەخشەو دروست نیە، چونکە مەبەست لە دەرهێنانی ئەو فلیمو موسەلسەلاتانە تەنها زەرەردانە لە کۆمەڵگای موسوڵمانان بۆ گۆڕینی خوڕەوشتو ئەخلاقیانە، داوا دەکەم لە خوای گەورە، کە موسوڵمانان بپارێزێت لە خراپەو شەڕی فلیمو گۆرانیو مۆسیقا، هیدایەتی سەرکردەی موسوڵمانان بدات[١٠٢].

---

(١٠١) صَحِيح الْبُخاري، رَقَم: (٥٥٩٠).

(١٠٢) فَتَاوى الْمرأَة (٩٨/٢) فَتوى الْشَيخ بن باز رَحِمَهُ اللهُ.

## حوكمی خوێندنی قورئان لە كاتی حەیزدا

**پرسیار(٦٨): ئایا دروستە ئافرەت لە كاتی حەیزدا قورئان بخوێنێت؟**

وەڵام: دروستە ئافرەت قورئان بخوێنێت بۆ پێویستی هەروەك چۆن مامۆستای قورئان بێت قورئان فێری خەڵك بكات، یان خۆی قوتابی بێت قورئان بخوێنێت بۆ فێربوون یان منداڵان فێربكات گرنگ ئەوەیە ئەگەر پێویستی بە قورئان خوێندن بوو ئەوە دروستە ئەگەر لە حەیزیشدا بێت، هەرچەندە هەندێك لە زانایان فەرموویانە: دروستە ئافرەت لە كاتی حەیزدا قورئان بخوێنێت بە هەموو شێوازێك، وە هەندێكیش لە زانایان فەرموویانە: بەهەموو شێوازێك دروست نیە قورئان خوێندن لە كاتی حەیزدا، بەڵام ئەوەی كە گرنگە بوترێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر پێوستی بە خوێندنی قورئان بوو بۆ فێربوون یان بۆ فێركردن یان ترسا لە لەبیرچوونەوەی ئەوە دروستە بیخوێنێت با لەكاتی حەیزیشدا بێت(١٠٣).

## حوكمی گۆڕینی جل و بەرگی ئافرەتان لە دوای پاك بوونەوە لە حەیزدا

**پرسیار(٦٩): ئایا پێویستە لەسەر ئافرەتان جل و بەرگیان بگۆڕن لەدوای پاك بوونەوە لەحەیز، لە كاتێكدا ئەو جل و بەرگە هیچ خوێن و پیسیەكی پێوە نیە؟**

وەڵام: نەخێر، پێویست بە گۆڕینی جل و بەرگ ناكات، چونكە حەیز لاشە پیس ناكات، تەنها ئەو شوێنەو شوێنی ئەو جل و بەرگە پیسە كە خوێنەكەی پێوە لكاوە هەر لەبەرئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی كرد بە ئافرەتان كە ئەگەر جلەكانیان بووە خوێنی حەیزەوە شوێنی خوێنەكە بشۆرن و نوێژی پێوەبكەن(١٠٤).

---

(١٠٣) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (٤/٢٧٤).

(١٠٤) ٥٢ سؤالاً عن أحكام الحيض، سؤال: ١٥. للشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

## حوكمی شۆفێری كردن بۆ ئافرەتان

**پرسیار(٧٠): ئایا دروستە شۆفێری كردن بۆ ئافرەتان لە كاتی پێویستیدا، كە مەحرەمێك نەبێت پێداویستییەكانی جێبەجێ بكات لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ شۆفێرو تەكسیدا سواربێت بۆ خۆی شۆفێری بكات؟**

وەلاَم: شۆفێری كردن بۆ ئافرەتان دروست نیە، چونكە پێویست بەوە دەكات دەمو چاوی‌و هەندێك شوێنی تریشی دەربكەوێت، هەروەها شۆفێری پێویست بە تێكەڵاوی ژنان‌و پیاوان دەكات بۆ نمونە ئەگەر سەیارەكەی لە شوێنێك لە ئیش كەوت یان توشی دەعام‌و حادیسەیەك بوو یان توشی سەرپێچی یاسای هاتوچۆ بوو، هەروەها ئافرەت كە شۆفێری بكات ئازاد دەبێت، كە بەحەزی خۆی بۆ هەرشوێنێكی دوور بڕوات‌و دووربێت لە چاوی مەحرەم‌و چاودێرانی، چونكە ئافرەتان لاوازن، هەروەها كە شۆفێری بكات پێویستی بە وێنەو مۆڵەت دەركردن دەبێت بۆ شۆفێری، وێنە بۆ مۆڵەت‌و شۆفێری كردنی ئافرەتان حەرامەو دروست نیە، چونكە چەندەها فیتنەو خراپەی تیادایە شۆفێری ئافرەتان[١٠٥].

## بەخێوكردنی كچان

**پرسیار(٧١): پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەركەسێك سێ كچی هەبێت‌و ئارام بگرێت لەگەڵیانداو خواردن‌و خواردنەوەیان بدات‌و پۆشتەیان بكات دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە ئاگر. ئایا ئەو پارێزەرە هەر بۆ باوكە یان بۆ دایكیشە لە كاتێكدا من سوپاس بۆ خوا سێ كچم هەیە؟**

وەلاَم: فەرموودەكە گشتیە بۆ باوكان‌و دایكانە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەركەسێك دوو كچی هەبێت چاك بێت لەگەڵیاندا ئەوە دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە ئاگر، هەروەها ئەگەر خوشكی

(١٠٥) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوى الشَّيخ صَالِح الفَوزَان.

هەبێت یان پوری هەبێتو یان هاوشێوەی ئەمانە چاك بێت لەگەڵیاندا ئەوە ئومێد وایە کە بەهەشتی بۆ هەبێت، چونکە هەرکات چاك بوو لەگەڵیاندا ئەوە شایەنی پاداشتێکی گەورەیە، ئەو پاداشتەیش دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە ئاگر بەهۆی ئەو کردەوە چاکەوە، ئەمەش تایبەتە بەموسوڵمانەوە، چونکە موسوڵمان کارێکی کرد مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بوو ئەوە دەبێتە هۆکار بۆ ڕزگار بوونی لە ئاگر، بۆ ڕزگار بوون لە ئاگرو چونە بەهەشت هۆکاری زۆر هەیە پێویستە موسوڵمان ئاگاداریان بێت، موسوڵمان بوون گەورەترین هۆکارە بۆ چونە بەهەشتو ڕزگاربوون لە ئاگر، نمونەی ئەوە هەرکەسێك خوای گەورە کچی پێبەخشێت یان خوشك چاك بێت لەگەڵیاندا دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە ئاگر، هەروەها هەرکەسێك سێ منداڵی مردبێت دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە ئاگر فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دوو منداڵیش بێت، فەرمووی: ئەگەر دوو منداڵیش بێت، پرسیاریان لێنەکرد لە بارەی یەك منداڵەوە ئەگەر بمرێت، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای گەورە فەرموویەتی: (بەندەی باوەڕدارم هیچ پاداشتێکی نیە کاتێك، کە من خۆشەویستەکەی لێ دەسەنمەوە ئەویش ئارام دەگرێت لە پێناوی ڕەزابوونی مندا تەنها بەهەشت نەبێت). لەم فەرموودەیەدا ئەوە دەرکەوت کە ئەگەر کەسێك خوای گەورە منداڵێکی لێ سەندەوە ئەو دایكو باوکە ئارامیان گرتو چاوەڕوانی پاداشتی خوا بوون ئەوە بەهەشتیان بۆ هەیە، هەروەها ئەگەر کەسێك خێزانی بمرێت یان مێردی یان کەسێکی نزیکی ئەگەر ئارامیان گرت چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەیان کرد ئەوە بەهەشتیان بۆ هەیە بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە دوور بوبێت لە تاوانی گەورە، داوای سەلامەتی دەکەم لە خوای گەورە[١٠٦].

(١٠٦) مجموع فتاوى ورسائل ومقالات متنوعة لابن باز رحمه الله، (٤/٣٧٥).

## حوكمی وێنەگرتن

**پرسیار(٧٢): ئایا حوكمی وێنە چییە بە كامێرا چی وێنەی خێزانیو عائیلەبێت یان بۆ یادگاری بێت؟**

وەڵام: وێنەی گیانداران حەرامەو دروست نیە چ مرۆڤ بێت یان گیانداران بێت، بەڵكو یەكێكە لە تاوانە گەورەكان جیاوازی نیە چی ئەو وێنەگرە بیكاتە پیشە یان كەسێك بۆ جوانیو یادگاری بیگرێت جیاوازیشی نیە چی ئەو وێنەیە بە هەڵكەندن بێت وەكو پەیكەر یان بە قەڵەمو پێنوس بێت یان بە كامێرا بێت یان شێوەی ئەمانە بێت هەر دروست نیە جیاوازیش نیە كە ئەو وێنەیە بۆ یادگاری بێت یان بۆ جوانی بێت یان بۆ هەر مەبەستێكی تربێت، چونكە فەرموودەكان بە گشتی باسی وێنەی ڕوح لەبەرو گیانداری تیادا كراوە تەنها بۆ پێویستی زەرورەت نەبێت دروستە ئەگینا حەرامە[١٠٧].

## دەستنوێژ شكاندن

**پرسیار(٧٣):من مێردەكەم زۆر جار ماچم دەكات كاتێك دەردەچێت لە ماڵ یان دەڕوات بۆ مزگەوت هەندێك جار وا گومان دەبەم كە بەشەهوەتەوە ماچم دەكات ئایا دەستنوێژی پێدەشكێت؟**

وەڵام: عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ (قَبَّلَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِهِ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ وَلَمْ يَتَوَضَّأْ)[١٠٨]. واتە: ماچی خێزانێكی دەكرد پاشان دەڕۆیشت بۆ مزگەوت دەستنوێژی تازە نەدەكردەوە. ئەم فەرموودەیە ڕونی كردەوە حوكمی دەستلێدان لە ئافرەتو ماچكردنی ئایا دەستنوێژی پێدەشكێت یان نا زانایان جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، بەڵام بۆچونی تەواو ئەوەیە كە بەهیچ شێوازێك دەستنوێژ ناشكێنێت، واتە: ئەگەر پیاوێك ماچی خێزانی كرد یان دەستی لە

---

(١٠٧) فَتَاوَى اللَّجْنَة الدَّائِمَة لِلْبحوثِ الْعِلْمِيَّة والإفتاء (١/ ٤٨٠ – ٤٨١).

(١٠٨) صَحِيح: صَحِيح وَضعِيف سُنَن أَبي داود، رَقَم: (١٧٩).

دەستیدا یان باوەشی لێدا، بەڵام بەم کارانە ئاوی دانەبەزی ئەوە نە دەستنوێژ پیاوەکەو نە دەستنوێژ ئافرەتەکە ناشکێت، چونکە ئەصڵ وایە دەستنوێژ لە جێی خۆیەتیو ناشکێت هەتا بەڵگەیەك نەبێت لەسەر شکاندنی وە هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە نە لە قورئانو نە لە سوننەتدا لەسەرئەوەی کە ئەگەر دەست لە خێزانت بدەیت دەستنوێژی پیدەشکێت هەر لەسەرئەمە دەست لێدانی ڕاستەوخۆ بێت یان لەسەر پەڕۆوە بێت یان ماچکردنی یان باوەش لێدانی بە ئارەزووەوەبێت یان نا هیچ لەم کارانە دەستنوێژ ناشکێنێت. خوایش زاناترە.[١٠٩]

## حوکمی سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم

**پرسیار(٧٤): ئافرەتێك دەڵێت: من دەمەوێت عومرە بکەم لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڵام لەگەڵ خوشکەکەمو کچەکەمو مێردی خوشکەکەمدا ئایا دروستە بڕۆم بۆ عومرە لەگەڵیاندا؟**

وەڵام: دروست نیە بۆت بڕۆی بۆ عومرە لەگەڵیاندا، چونکە پیاوی خوشکەکەت مەحرەم نیە بۆتۆ هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « لاَ تُسَافِرِ الْمَرْأَةُ إِلاَّ مَعَ ذِي مَحْرَمٍ، وَلاَ يَدْخُلُ عَلَيْهَا رَجُلٌ إِلاَّ وَمَعَهَا مَحْرَمٌ » فَقَالَ: رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَخْرُجَ فِي جَيْشِ كَذَا وَكَذَا، وَامْرَأَتِي تُرِيدُ الْحَجَّ. فَقَالَ: « اخْرُجْ مَعَهَا »[١١٠]. واتە: با هیچ ئافرەتێك بەتەنیا کۆنەبێتەوە لەگەڵ پیاوێکدا ئیللا مەحرەمی لەگەڵدابێت، وەهیچ ئافرەتێك با سەفەر نەکات ئیللا مەحرەمی خۆی لەگەڵدابێت. پیاوێك فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من خێزانەکەم دەرچووە بۆ حەجکردن منیش دەڕۆم بۆ غەزاو جیهادکردن، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: (بڕۆ حەج لەگەڵ خێزانەکەتدا بکە).

پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری نەکرد ئایا ئەم ئافرەتە ئافرەتی تری لەگەڵدایە یان نا هەروەها پرسیاری نەکرد بڵێت ئایە ئەم ئافرەتە پارێزراوە یان نا هەرلەبەر ئەمە ئەگەر ئافرەتێك دواکەوت

---

(١٠٩) فتاوى المرأة، الشيخ بن عثيمين رحمه الله ، ص: (١٢٠).

(١١٠) رَوَاهُ الْبُخَارِي رَقَمْ: (١٨٦٢).

نەیتوانی عومرە بکات لەبەرئەوەی کە مەحرەمی لەگەڵدا نەبوو ئەوە ئافرەتە تاوانبار نابێت، با پێشتریش عومرەی نەکردبێت، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی حەج و عومرە ئەوەیە کە مەحرەمی خۆی لەگەڵدابێت[١١١].

## تاوانی غەیبەتکردن

**پرسیار(٧٥): ئایا تاوانی غەیبەتکردن چییە؟**

وەڵام: غەیبەتکردن تاوانە بەڵکو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان جیاوازی نیە لە نێوان ئەوەی ئەو عەیب و کەم و کورتی و خراپییەی کە باسی دەکەیت لەو کەسەیا هەبێت یان نا هەر تاوانە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك پرسیاری لێکرا لە بارەی غەیبەتەوە فەرمووی: « ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ ». قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ قَالَ « إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ »[١١٢]. واتە: غەیبەت ئەوەیە کە باسی براکەت بکەیت بەشتێك کە ئەو پێی ناخۆشە، وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ئەوەی کە باسکرا راستبوو لەو کەسەدا بوونی هەبوو؟ فەرمووی: ئەگەر ئەوە راستبوو تیایدا بوو ئەوە غەیبەتە و حەرامە ئەگەر تیایدا نەبوو ئەوە بوهتانە. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « لَمَّا عُرِجَ بِى مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمِشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ فَقُلْتُ مَنْ هَؤُلاَءِ يَا جِبْرِيلُ قَالَ هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِى أَعْرَاضِهِمْ »[١١٣]. لە شەوی ئیسراو میعرجدا کەسانێکم نیشاندرا کەنینۆکیان هەبوو لە مس روومەت و دەم و چاوی سینگی خۆیانیان پێ دەرنی پرسیارم کرد ئەمانە کێن وترا: ئەمانە ئەوانەن کە گۆشتی خەڵکیان دەخواردو خەڵکیان ناشرین و لەکەدار دەکرد. واتە: ئەوانەی کە غەیبەتیان دەکرد.

---

[١١١] مجموع فتاوى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٢١/١٨٥).

[١١٢] رَوَاهُ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٦٧٥٨).

[١١٣] صَحيح: صَحيح وَضعيف سُنَن أبي داود، رَقَم: (٤٨٧٨). وسلسلة الأحاديث الصَّحيحَة، رَقَم: (٥٣٣).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ﴾ [الحجرات: ١٢]. واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان دووربگرن لە زۆرێك لە گومانەکان، چونکە هەندێك گومان تاوانەو گومانی خراپن، هەروەها جاسوسی بەسەر یەکترەوە مەکەن دووزمان مەبنو غەیبەتی یەکتر مەکەن، ئایا هیچ کەس لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی برایەکی بە مردووی بخوات، بێگومان پێتان ناخۆشە دەی خۆتان لە غەیبەت بپارێزن تەقوای خوا بکەن، چونکە خوای گەورە تەوبە لە بەندەکانی قبوڵ دەکات بەبەزەییە لەگەڵیاندا.

هەرلەبەر ئەمە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی پیاوو ئافرەت خۆی بپارێزێت لە غەیبەتو ئامۆژگاری بکات کە موسوڵمانان خۆیان بپارێزن. هەروەها عەیبو عاری موسوڵمانان بپۆشن، چونکە غەیبەتکردن هۆکارێکە بۆ ڕقو کینەو دوژمنایەتی لە نێوان موسوڵمانانندا[١١٤].

## مەرجەکانی عابای شەرعی ئافرەتان

**پرسیار(٧٦): لەم دواییانەدا عابایەك بڵاوبووەتەوە بەشێوەی لەش دەدورێتو تەسکیشەو لە دوو پارچەی تەنك دروست دەکرێتو دوو دەربالْ فراوانیش هەیە نەخشو تەریشی پێوەیەو دەدرێت بەسەر شاندا، جا حوکمی شەرع چییە سەبارەت بەو جۆرە عابایە؟**

وەڵام: عابای شەرعی بۆ ئافرەت بریتییە لە (الْجِلْبَابْ) کە بریتییە: لەوەی کە مەبەستی شەرعی پێ جێبەجێ دەبێت لە داپۆشینی تەواوو دوورکەوتنەوە لە فیتنە، لەسەر ئەم وتەیەش پێویستە عابای ئافرەتان ئەم مەرجانەی تێدابێت:

(١١٤) ابْن بَاز رحمه الله : مُجلّة الْدَعوَة، الْعَدَدْ: ١١٧٠.

**یەکەم**: دەبێت ئەستووربێت بەشێوەیەك ئەوەی لە ژێریدایە دەری نەخاتو بە لەشیشەوە نەلکێت (واتە: سیفەتی لاستیکی تێدانەبێت).

**دووەم**: دەبێت هەموو لەش داپۆشێتو فراوانیشبێتو بەشەکانی لەش دەرنەخات.

**سێ یەم**: دەبێت تەنها لە پێشەوە کرابێتەوەو دەربالّەکانیشی تەسك بێت.

**چوارەم**: دەبێت هیچ جۆرە جوانیەکی تێدانەبێت سەرنجی دەوروبەر بۆ خۆی ڕابکێشێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دووربێت لە هەموو وێنەوزەخرەفەو نوسینو نیشانەیەك.

**پێنجەم**: دەبێت هاوشێوەی پۆشاکی ئافرەتانی بێباوەڕ نەبێت، یان هاوشێوەی پۆشاکی پیاوان.

**شەشەم**: دەبێت سەرەتاکەی بدرێت بەسەرسەردا نەك شوێنێکی تردا.

لەسەر هەموو ئەو خالاّنەی پێشو ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو عابایەی لە پرسیارەکەدا باسکرا عابایەی شەرعی نیە بۆ ئافرەتان، بۆیە نابێت لەبەربکرێت، چونکە ئەو مەرجانەی تێدانیە کە پێویستە تێیدا هەبێت، هەروەها نابێت هیچ عابایەکی تر لەبەرکرێت کە ئەو مەرجە پێویستیانەی تیادا نەبێت وە ناشبێت وەکو شتومەکی بازرگانی بهێنرێتو دروست بکرێتو بفرۆشرێتو بایەخی پێبدرێت لەناو موسوڵمانانندا، چونکە ئەوە بەشداری کردنە لەسەر تاوانو ستەمکردن[١١٥].[١١٦]

---

([١١٥]) فَتَاوَى اللَّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبُحوثِ الْعِلْميَّة والإِفتَاء (١٣٩/١٧ – ١٤١).

([١١٦]) **تێبینییەك**: ئەم جۆرە عابایە لە کوردستانی خۆماندا پێی دەوترێت (عابای خەلیجی) وە لە وڵاتانی خەلیجدا پێی دەوترێت: (عابای فەرەنسی) وە شایەنی بیرخستنەوەیە سەپاندنی ناوی (عابا) بەسەر ئەم جۆرە پۆشاکە سەرنج ڕاکێشو ڕازاوەیەدا کە دەدرێت بەسەر شاندا یەکێکە لە پیلانو فێڵو داوەکانی شەیتانو شوێنکەوتووەکانی بۆ سەرشێواندن لە ئافرەتی موسوڵمانان.

## حوکمی زەردی و لێڵی پێش حەیز

**پرسیار(٧٧): ئافرەتێك پێش کاتی هاتنی حەیزی خۆی زەردی و لێڵی دەبینێت و واز لە نوێژ دەهێنێت، پاشان لە کاتی عادەتی خۆیدا توشی حەیز دەبێت حوکمی چییە؟**

وەڵام: (أُم عَطِيَّةَ) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (كُنَّا لاَ نَعُدُّ الصُّفْرَةَ وَالْكُدْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئًا)[١١٧]. واتە: ئێمەی ئافرەتانی صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەو زەردیی و لێڵییەی دوای حەیزمان بە حەیز حیساب نەدەکرد. هەر لەسەر ئەمە ئەو زەردی و لێڵییەی کە لەپێش حەیزدا دێت من بە حەیزی نازانم، بە تایبەتی ئەگەر پێش عادەتی مانگانەی خۆی هات وە هیچ عەلامەتو نیشانەیەکی سەرەتای حەیزی پێوە نەبوو وەك سكو پشت ژانکردنو هاوشێوەی ئەم نیشانانە، ئەوە هیچ نیە واتە نوێژ دەکاتو ڕۆژوو دەگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتە زانیتی کە هاتنی ئەو زەردیو لێڵیەی سارەتای توشبوونێتی بە حەیز ئەوە دادەنیشێت هەتا پاك دەبێتەوە وە هەر لەبەر ئەمە باشتر وایە ئەو ئافرەتە نوێژەکانی بگێڕێتەوە[١١٨].

## حوکمی زەردی و لێڵی دوای حەیز

**پرسیار(٧٨): ئایا حوکمی ئەو زەردی و لێڵیە چییە کە لە دوای پاك بوونەوە لە حەیزدا دێت؟**

وەڵام: کێشەی ئافرەتان لە حەیزدا ڕوبارێکە زۆر فراوانە وە یەکێك لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم حەبانەیە کە مەنعی سکپڕبوونو حەیز دەکات خەڵکی لە پێش ئێستادا بەم شێوازە زۆرە کێشەی حەیزیان نەبووە ڕاستە لەو کاتەوەی کە ئافرەت هەبووە کێشەی حەیز هەر هەبووە، بەڵام بەم شێوازە زۆرەی ئێستا نەبووە کە مرۆڤ دەوەستێنێت کە چۆن ئەم هەموو کێشانە لە حەیزدا

---

(١١٧) إرواء الغليل، رَقَمْ: ١٩٩ قال الشيخ الألباني رَحِمَهُ اللهُ: صَحيح.

(١١٨) مجموع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمين رَحِمَهُ اللهُ (٤/٢٨٠).

چارەسەر بکات بە هەرحاڵ بنچینەیەکی گشتی هەیە کە ئافرەت پاك بووەیەوە بە دڵنیایەوە لە حەیز مەبەستم لە پاك بوونەوە ئەوەیە کە ئەو ئاوە سپییەی بینی کە ئافرەتان دەیزانن ئەوە لە دوای ئەوە پاکییە هەر زەردیو لێڵیەك یان نوقتەیەك یان تریپەیەك ئەمانە هیچی حەیز نیەو ڕێگری ناگرێت لە نوێژو ڕۆژووو جوتبوونی مێرد لە گەڵیدا، هەروەك (أُم عَطِيَّة) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (كُنَّا لاَ نَعُدُّ الصُّفْرَةَ وَالْكُدْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئًا) أَخْرَجَهُ الْبُخَاري وَزَادَ أَبُو دَاود (بَعْدَ الْطُّهْر) وَسَنَدُه الْصَّحِيح[١١٩]. واتە: ئێمەی ئافرەتانی صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەو زەردییو لێڵییەی دوای حەیزمان بە حەیز حیساب نەدەکرد. هەر لەبەر ئەمە دەڵێم: هەرشتێك ڕویدا لە دوای پاك بوونەوەیەکی تەواو ئەوە هیچ زیانێك لە ئافرەتان نادات وە ڕێگرییان لێناگرێت لە نوێژو ڕۆژوو جوتبوونیان لەگەڵ مێردەکانیان، بەڵام واجبە لەسەر ئافرەتان پەلە نەکەن هەتا پاك دەبنەوە، چونکە هەندێك لە ئافرەتان هەیە هەر کە خوێنەکەی کەمەوەبوو دەڕوات بەپەلە خۆی دەشۆرێت پێش ئەوەی بە تەواوی پاك بێتەوە، هەر لەبەرئەمە ئافرەتانی صەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڕۆیشتن بۆلای عائیشە دایکی باوەڕداران (ڕەزای خوای لێبێت) پەڕۆیان نیشانی دەداو پرسیاریان لێدەکرد عائیشەش (ڕەزای خوای لێبێت) دەیفەرموو: پەلەمەکەن هەتا ئاوی سپی دەبینن.[١٢٠]

---

(١١٩) إرواء الغليل، رَقْمْ: ١٩٩ قال الشيخ الألباني رَحِمَهُ الله: صَحيح.

(١٢٠) مَجْموع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمين رَحِمَهُ الله (٢٨١/١١).

## حكومی بۆن لەخۆدان بۆ ئافرەتان

**پرسیار(٧٩): ئایا حوكمی بۆن لە خۆدان چییە بۆ ئافرەتان لە كاتی دەرچونیان لە ماڵدا وە ئایا حوكمی خۆجوانكردنی ئافرەتان لەبەرچاو یەكتر چییە؟**

وەڵام: دەرچونی ئافرەتان بەخۆ بۆنخۆشكردنەوە لە ماڵەوە بۆ بازاڕ بەهیچ شێوازێك دروست نیە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: «... الْمَرْأَةُ إِذَا اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ بِالْمَجْلِسِ فَهِيَ كَذَا وَكَذَا يَعْنِي زَانِيَةً »[١٢١]. واتە: ئافرەت ئەگەر بۆنی لە خۆیداو ڕۆی بەلای مەجلیسەكاندا ئەوە ئەو ئافرەتە ئەوەو ئەوەیە.

شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی فەرموودەكەدا دەفەرمووێت: واتە: ئەو ئافرەتە زیناكارەو بانگی خەڵكی دەكات بۆ زینا، چونكە بۆن لە خۆدان بۆ ئافرەتان دەبێتە مایەی فیتنەو سەیركردنو پەیوەست بوونی پیاوان پێیانەوە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك سواری سەیارەیەك بێتو بۆنی نەكات تەنها حەڵاڵی خۆی نەبێت وە كاتێك كە دابەزیش دوربێت لە پیاوانی نامەحرەم بۆنی نەگات پێیان ئەوە دروستە، چونكە لەم كاتەدا ناو سەیارەكە وەك ئەوە وایە لە ماڵی خۆیدا بێت، هەر لەبەرئەمە دروست نیە ئافرەت بۆن لەخۆی بدات بەلای پیاواندا بڕوات وە دروستیش نیە ئافرەت بەتەنها لەگەڵ سایەقو شۆفێردا سواری سەیارە بێت، چونكە ئەم سواربوونو ڕۆیشتنە خەلوەو تەنیاییە، كە شەرع قەدەغەی كردووە، پێشم خۆشە باسی بكەم كە هەندێك لە ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزاندا كاتێك كە دێت بۆ نوێژ بۆن لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێتو دەیدات بە ئافرەتان لە خۆیانی بدەن بە بۆن خۆشیەوە لە مزگەوت دەردەچن ئەمەش دروست نیەو حەرامە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَتْ بَخُورًا فَلاَ تَشْهَدْ مَعَنَا الْعِشَاءَ الآخِرَةَ ».[١٢٢]. واتە: هەر

---

(١٢١) حَسَنْ: صَحيح وَضَعيف سُنَن الترمذي، رَقَمْ: (٢٧٨٦).

(١٢٢) صَحيح مُسلِمْ، رَقَمْ: (١٠٢٦).

ئافرەتێك بۆنی لەخۆیدابوو با لە نوێژی عیشادا ئامادەی جەماعەت نەبێت. بەڵام دروستە بۆ ئافرەت بۆن لەگەڵ خۆی بهێنێت مزگەوتەکەی پێ بۆن خۆش بکات.

بەڵام بە نیسبەتی دەرخستنی جوانی لەبەر چاوی ئافرەتاندا دروست نیە ئافرەت جلێك لەبەربكات كە تەنك بێتو پێی دیاربێت یان زۆر تەسك بێت كە شوێنی فیتنەی ئافرەت دەربخات، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: « صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا .... وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُؤُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا »(١٢٣). واتە: دوو كۆمەڵ دێت كە ئەهلی ئاگرن، بەڵام من نەیانم بینیوە یەكێك لەو دوو كۆمەڵە ئافرەتانێكن پۆشتەن، بەڵام وەك ڕووت وان، لادەرن لە دینی خواو خەڵكیش لادەدەن، سەرەوەی سەریان وەك بان پشتی وشتری لێدەكەن واتە: دەیكەن بە تۆپەڵ ئەم ئافرەتانە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنی بەهەشتیش ناكەن(١٢٤).

## حوكمی زۆرچوونی ئافرەتان بۆ بازاڕ

**پرسیار(٨٠): ئایا حوكمی زۆرچوونی ئافرەتان بۆ بازاڕ چییە، لەگەڵ ئەوەدا كە چەندەها فیتنە لە بازاڕدا هەیە؟**

وەڵام: گومان تیادا نیە كە مانەوەی ئافرەتان لە ماڵدا خێرو چاكەیەكی زۆری تێدایە، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «... وَبُيُوتُهُنَّ خَيْرٌ لَهُنَّ »(١٢٥). واتە: ماڵەكانیان چاكترە بۆیان. كومانی تیادا نیە سەرپشككردنی ئافرەتان لە دەرچون لە ماڵ پێچەوانەی ئەوەیە كە لە شەرعدا فەرمانی پێكراوە كە دەبێت ئافرەتان بپارێزرێنو دووربكرێنەوە لە فیتنە واجبە لەسەر پیاوان كە

(١٢٣) رَواهُ مُسلِمْ، رَقَمْ: (٥٧٠٤).
(١٢٤) من الأحكام الفِقهيَّة في الفَتاوى النِّسائية، ص: (٥٣، ٥٤) الشَيخ بن العُثَيمين رَحِمَهُ اللهُ.
(١٢٥) صَحيح: صَحيح وَضعيف سُنَن أبي داود، رَقَم: (٥٦٧).

پیاوبن بە واتای پیاوەتی، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ [النساء: ٣٤]. واتە: پیاوان بە توانان بەسەر ئافرەتاندا. بەڵام بەداخەوە موسوڵمانان دەستیان کردووە بە لاسایکردنەوەی بێباوەڕان بەشێوازێك کە ئافرەتان باڵادەستن بەسەر پیاوانەوە ئافرەتان کاری پیاوانیش دەکەن ئەوەیش سەیرە کە دەڵێن ئێمە کەسانی پێشکەوتوین، بەڵام سەرزەنیشتی بۆئەوان، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویّت: « لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً »[١٢٦]. واتە: هیچ گەلێك سەرفراز نابن کە سەرکردەکەیان ئافرەت بێت.

هەموومان دەزانین کە ئافرەتان هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ وەصفیانی کردووەو دەفەرموویّت: «... مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ »[١٢٧]. واتە: نەم بینیوە لەوانەی کە عەقڵو دینیان تەواونیە[١٢٨] (واتە: ئافرەتان) لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن سەرنجی کەسانی عاقڵو زیرەك ڕابکێشن بەلای خۆیاندا.

واجبە لەسەر پیاوان کە جێبەجێی بکەن ئەو مافانەی کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەریان لە مافی خێزانەکانیاندا بەچێوانەشەوە هەندێك هەن لە پیاوان کە ڕەوشتیان زۆر ناشرینە خێزانەکانیان قەدەغە دەکەن لە گەیاندنی سیلەی ڕەحمو خزمایەتی کە واجبە سەردانییان بکەن وەك دایكو باوكو براو مامو خاڵۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆیانو کاتو شوێنەکەیش دوورە لە فیتنەوە بە خێزانی دەڵێت: بەهیچ شێوازێك نابێت دەربچیت لە ماڵ تۆ بەندی لای من باسی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات کە دەفەرموویّت: « ... هُنَّ عَوَانٌ عِنْدَكُمْ ... »[١٢٩]. واتە: ئافرەتان لەژێر دەستی

---

([١٢٦]) صَحيح البُخاري، رَقَمْ: (٤٤٢٥).

([١٢٧]) صَحيح البُخاري، رَقَمْ: (٣٠٤).

([١٢٨]) قُلْنَ وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ ». قُلْنَ بَلَى. قَالَ « فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا، أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ ». قُلْنَ بَلَى. قَالَ « فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا » صَحيح البُخاري، رَقَمْ: (٣٠٤).

([١٢٩]) حَسَنْ: صَحيح وَضعيف سُنَنْ الترمذي، رَقَمْ: (٣٠٨٧).

ئێـوەدان. دەڵێـت: ئەسـیرو دەسـت بەسـەری لای مـن بـەهیچ شـێوەیەك دەرنەچـێتو نـەجوڵێێتو نەڕۆیتو کەسیش نابێت بێت بۆلات، تـۆیش نابێـت بۆلای کـەس بـچیت، بـەڵام دینـی خـوای گـەورە مامناوەنـدە ڕێگـەی بـە ئافرەتـان نـەداوە کـە هـەمووکات بڕواتـە دەر بـەبێ هـیچ پێویـستیەك وە نەقەدەغەی ئافرەتیشی کـردووە کـە نـەتوانێ سـیلەو خزمایـەتی خـۆی بـەجێ بگەیـەنێت، بـەڵام لـە سنوری شەرعدا[١٣٠].

## حوکمی شیوەنکردن و لەخۆدان لەسەر مردوو

**پرسـیار(٨١): ئایـا حـوکمی شـەرع چییە سـەبارەت بـەو ئافرەتانـەی کـە لـەکاتی مردنـی خۆشەویستێکیاندا شیوەن و هاواردەکەن و جلو بەرگی خۆیان دادەڕنن؟**

وەڵام: لە خۆدان و شـیوەن و هـاوارکردن لـەکاتی بـەڵاو موصـیبەتدا حەرامـەو دروسـت نیـە، چـونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمووێت: « لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ أَوْ شَقَّ الْجُيُوبَ أَوْ دَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ »[١٣١]. واتە: ئەو کەسە لەئێمە نیە کـە لـەکاتی مـردن و بـەڵاو موصـیبەتدا لـەخۆی دەداتو کراس بەرگی خۆی دەدڕێتو هاوار دەکات بە هاواری خەڵکی نەفامی. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ – صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمْ – بَرِئَ مِنَ الصَّالِقَةِ وَالْحَالِقَةِ وَالشَّاقَّةِ)[١٣٢]. واتـە: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بێبەری کردووە لەو کەسەی کە لەکاتی موصیبەتدا هاواردەکاتو سەری خۆی دەتاشێتو جلو بەرگی خۆی دەدەڕێت. هەروەها پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەفـەرمووێت: « أَرْبَعٌ فِى أُمَّتِى مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُونَهُنَّ الْفَخْرُ فِى الأَحْسَابِ وَالطَّعْنُ فِى الأَنْسَابِ وَالاِسْتِسْقَاءُ

---

([١٣٠]) مَجموع دروس فتاوى الحَرَمُ المكي (٣/ ٢٥٠ – ٢٥١) الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

([١٣١]) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (١٢٩٧) وَ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٢٩٦). واللَّفظُ لِمُسلِمْ.

([١٣٢]) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَاري، رَقَمْ: (١٢٩٦) وَ مُسْلِمْ، رَقَمْ: (٢٩٨).

بِالنُّجُومِ وَالنِّيَاحَةُ ». وَقَالَ « النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ ». (١٣٣).

واتە: چوار شت لەناو ئوممەتەکەی مندا لە کاری خەڵکی جاهیلین وازیشی لێناهێنرێت: شانازیکردن بە بنەماڵەوە، تانەدان لە بنەماڵەو نەسەبی خەڵکی، داوای باران بارین لە ئستێرەکان، شیوەنکردن.

وە فەرمووی: ئەو ئافرەتانەی کە شیوەن دەکەن ئەگەر پێش مردنیان تەوبە نەکەن کاتێك کە زیندوو دەکرێنەوە لە ڕۆژی دواییدا شەرواڵی قیرینو کراسی زبرو بە ئازار لەبەردا دەکرێت.

واجبە لەکاتی هەموو موصیبەتێکدا صەبرو ئارامگربیتو چاوەڕوانی پاداشتیش بێت لای خوای گەورەو خۆت بپارێزیت لەم کارە خراپانەو تەبەیش بکەیت بۆلای خوای گەورە لەسەر ئەوەی کە لەپێشدا کردووتە، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّـٰبِرِينَ ۝١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَـٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾ [البقرة: ١٥٥ - ١٥٦ ].

واتە: مژدە بدەن بەو کەسانەی کە لەکاتی بەڵاو موصیبەتدا دەڵێت: ئێمە موڵکی خواین هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە. وە خوای گەورەش وەعدی چاکەی زۆر پێیان داوەو دەفەرموویت: ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٌ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ﴾ [البقرة: ١٥٧].

واتە: ئەوانەی کە لەکاتی موصیبەتدا ئارام دەگرن ڕەحمەتو میهرەبانی خوای گەورە دەرژێت بەسەرانداو وە هەر ئەوانەیش هیدایەت دراون. (١٣٤)

---

(١٣٣) صَحِيح مُسلِم، رَقَم: (٢٢٠٣).

(١٣٤) فَتَاوَى الْمَرْأَة، الْشيخ: ابنُ باز رحمه الله ص: (١١٠).

## هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان بە جولەكە و گاور

**پرسیار(٨٢): ئایا حوكمی ئافرەتێكی موسوڵمان چی یە، كە هاوسەرگیری دەكات لەگەڵ جولەكە یان گاور؟**

وەڵام: دروست نیە هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان بە جولەكە یان گاور، وە ئەگەر مارەش بڕابوون **ئەوە مارەبڕینەكە دانەمەزراوە** وە ئەگەر پیاوەكە موسوڵمان بوو ئەوە پێویستە جارێكی تر مارەببڕێتەوە بەو جۆرەی، كە هەموو مەرجەكانی تیادابێت[١٣٥].

## سەرفترە بۆ منداڵێك، كە هێشتا لە دایك نەبووە

**پرسیار(٨٣): ئایا سەرفترە بۆ منداڵێك، كە هێشتا لە دایك نەبووە دەدرێت؟**

وەڵام: سەرفترە بۆ منداڵێك، كە هێشتا لە دایك نەبووە دەدرێت، بەڵام نەك وەك ئەوەی، كە لەسەری واجب و پێویست بێت، بەڵكو وەك سوننەت بۆی دەدرێت[١٣٦].

## حەجكردنی كچ بۆ باوكی

**پرسیار(٨٤): ئایا دروستە كچ حەج بۆ باوكی بكات، كە مردووە لە دوای ئەوەی، كە حەجی بۆ خۆی كردووە، وە چی مەرجێك پێویستە لەسەری؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە كچ حەج بۆ باوكی بكات، كە مردووە هەروەها كوڕیش، وە هەروەها دروستە برا بۆ براكەی بكات هیچی تیادا نیە، بە مەرجێك ئەو كەسە حەجی بۆ خۆی كردبێت هەروەك چۆن لە صەحیحەیندا هاتووە لە فەرموودەكەی ابن عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووی: ئافرەتێك

---

(١٣٥) فَتَاوَى اللّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (١٨/٢٧٣).

(١٣٦) مجمُوع فتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (١٨/٢٦٣).

پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ، کە دایکی نەزری کردووە حەج بکات، بەڵام حەجی نەکرد هەتا مرد، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی پێدا، کە حەج بکات بۆ دایکی.[١٣٧] [١٣٨].

## تەوقەکردن و سەرفەرکردن لەگەڵ دایکی خێزانتدا

**پرسیار(٨٥): ئایا دروستە تەوقەکردن و سەفەرو گەشتکردن لەگەڵ دایکی خێزانتدا؟**

وەڵام: بەڵێ، دروستە چونکە مەحرەمتە خوای گەورە دایکی خێزانی حەرام کردووە بە حەرامێکی یەکجارەکی، ئەو مەحرەمتە دروستە تەوقەی لەگەڵدا بکەیت و سەفەریشی پێبکەیت تۆیش مەحرەمی بۆی، ئیللا ئەگەر ترسایت لە فیتنە تەوقەی لەگەڵدا مەکە هەروەك ترسایت بەهۆی تەوقەکردنەوە ئارەزوت بجوڵێت و فیتنەیەك دروست بێت، تەوقەی لەگەڵ مەکە، بەڵام ئەگەر زانیت، کە هیچ فیتنەیەك ڕونادات دروستە تەوقەی لەگەڵدا بکەیت و سەفەریشی پێبکەیت و ببیت بە مەحرەمی، چونکە ئەو بە تەواوبوونی مارەبڕینی کچەکەی بووە بە مەحرەمی تۆ وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ﴾ [النساء: ٢٣]. واتە: حەرامکراوە لەسەرتان دایکی خێزانتان.[١٣٩]

---

(١٣٧) عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما أَنَّ امْرَأَةً مِنْ جُهَيْنَةَ جَاءَتْ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَتْ إِنَّ أُمِّى نَذَرَتْ أَنْ تَحُجَّ، فَلَمْ تَحُجَّ حَتَّى مَاتَتْ أَفَأَحُجُّ عَنْهَا قَالَ « نَعَمْ. حُجِّى عَنْهَا، أَرَأَيْتِ لَوْ كَانَ عَلَى أُمِّكِ دَيْنٌ أَكُنْتِ قَاضِيَةً اقْضُوا اللَّهَ، فَاللَّهُ أَحَقُّ بِالْوَفَاءِ ». رَوَاهُ الْبُخَاري رَقَمْ: (١٨٥٢).

(١٣٨) مجمُوع فتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٢١/٢٤٦).

(١٣٩) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالِح الْفَوزَان (٣/١٧٢ – ١٧٣).

## قسەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەی خوازبێنیت کردووە لە تەلەفۆندا

**پرسیار(٨٦): ئایا ئەو ئافرەتەی خوازبێنیت کردووە دروستە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا بکەیت؟**

وەڵام: قسەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەی خوازبێنیت کردووە دروستە، **ئەگەر دوای وەڵام دانەوەت بوو قسەکردنەکەیش بۆ زیاتر تێگەیشتن بوو لە یەکتر وە بە ئەندازەی پێویستی بوو، هەروەها دووریش بوو لەفیتنە**، وە ئەگەر ئەم قسەکردنە لەلایەن سەرپەرشتیارەکەوە بێت ئەوە چاکترەو دوورترە لە گومان، بەڵام ئەو قسەکردنانەی، کە لەنێوان پیاوانو ئافرەتاندا ڕوودەدات لە کاتێکدا خوازبێنیش نەبووە، تەنها لە پێناو یەکتر ناسین وەکو خۆیان دەڵێن ئەوە کەوتنە ناو فاحیشەو بێ ڕەوشتیەوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾ [الأحزاب: ٣٢]. واتە: بەشێوازێکی نەرمو ناسك قسە لەگەڵ پیاواندا مەکەن کە دڵی کەسانی نەخۆش تەماحتان تیا بکەن.

ئافرەت دروست نیە قسە لەگەڵ پیاوی بێگانەدا بکات تەنها بۆ پێویستی نەبێت، وە کە قسەیش دەکات بە قسەی جوان دوور لە فیتنەو گومان هەروەك زانایان فەرموویانە: ئافرەتان تەلبیە دەکەن، بەڵام دەنگ بەرز ناکەنەوە چۆن لە فەرموودەدا هاتووە (ئەگەر شتێك لە نوێژەکەتان ڕوویدا، با پیاوان سُبْحَانَ اللَّه بکەنو ئافرەتانیش دەست بدەن بە بان دەستیاندا). واتە: چەپڵە لێبدەن بە دەستیان ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئافرەتان نابێت پیاوان دەنگیان ببیستن ئیللا لە کاتی پێویستیدا نەبێت لەگەڵ ئەویشدا دەبێت بە شەرمو حەیاو داپۆشراوبێت[١٤٠].

---

(١٤٠) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالَح الْفَوزَان (١٦٣/٣ - ١٦٤).

## حوکمی مارەبڕینی ئافرەتێكو تەڵاق دانی پێش گواستنەوەی

**پرسیار(٨٧): ئایا ئەگەر ئافرەتێك مارەبڕێت، پاشان تەڵاق بدرێت پێش ئەوەی بیگوازیتەوە حوکمی چی یە؟**

وەڵام: ئەگەر ئافرەتێكت مارەبڕی، پاشان تەڵاقتدا پێش ئەوەی بیگوازیتەوەو بچیتەلای پێش تریش مارەییەكەیت ناو نابێتو دیاریت كردبێت، ئەوە نیوەی ئەو مارەی یەی دەدرێتیٚ، كە داوتە پێیو نیوەی ئەوەی تریشی دەدرێتی، كە نەتداوە پێی (واتە: نیوەی موقەدیمەكەو نیوەی موئەخەرەكەی دەدرێتیٚ)، چونكە خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ﴾ [البقرة: ٢٣٧].

واتە: ئەگەر ئافرەتێكتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بیگوازنەوەو بچنەلای پێش تریش مارەییەكەی بۆ دیاری كرابوو، ئەوە پێویستە نیوەی ئەوەی، كە بۆی دیاری كراوە پێی بدرێت، ئیللا ئەگەر ئافرەتەكە لە حەقەكەی خۆش بوو وەری نەگرت یان پیاوەكە هەمووی داپێی بە ڕەزامەندی خۆی، لەبەرئەمە نیوەی مارەی یەكەی دەدرێتیٚ ئەگەر تەڵاقتدا پێش گواستنەوەو چونەلای، جیاوازی نیە ئافرەتەكە مارەی یەكەی وەرگردبێت یان نا مادام ناونرابێتو دیاری كرابێت، بەڵام ئەگەر یەكێكیان پیاوەكە یان ژنەكە لە حەقەكەی خۆی خۆش بێت وەری نەگرێت ئەوە دروستە[١٤١].

(١٤١) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالِحِ الْفَوزَان (٣/٢٤٥).

## گوێڕایەڵی مێرد پێچەوانەی گوێڕایەڵی باوك

**پرسیار(٨٨): ڕونە، کە خێزان پێویستە لەسەری گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات چۆن لە فەرمووددا هاتوە، هەروەها پێویستە لەسەری گوێڕایەڵی دایكو باوکیشی بکات، ئایا ئەگەر گوێڕایەڵی مێرد پێچەوانەی گوێڕایەڵی دایكو باوك بوو، لەوکاتەدا کامیان پێش دەخرێت؟**

وەلاَم: بێگومان ئافرەت فەرمانی پێکراوە بە گوێڕایەڵی خوای گەورە، هەروەها فەرمانی پێکراوە بە گوێڕایەڵی مێردەکەیشی، بەلاَم گوێڕایەڵی دایكو باوکی باسکراوە لەگەڵ گوێڕایەڵی خوای گەورەدا، بەلاَم ئەگەر گوێڕایەڵی هەر دروست کراوێك پێچەوانەی گوێڕایەڵی خوای گەورە بوو چ دایكو باوك بێت یان مێرد بێت ئەوە دروست نیە گوێڕایەڵیان بکرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «... إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ » .)[١٤٢]. واتە: گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدا دەکرێت. وەهەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « لاَ طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقْ ».[١٤٣]. واتە: گوێڕایەڵی نیە بۆ هیچ دروستکراوێك لە بێ فەرمانی خوای گەورەدا، چی ئەو دروستکراوە مێردبێت یان دایكو باوك بێت، بەلاَم گومانی تێدانیە حەقی دایكو باوك لەپێشترە لە حەقی مێرد، چونکە خوای گەورە لەگەڵ حەقی خۆی باسی حەقی دایكو باوکی کردووە وەکو دەفەرموویت: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا﴾ [النساء: ٣٦]. واتە: خوای گەورە بەتەنها بپەرستن هاوەڵی بۆ بڕیارمەدەنو چاکەکاریش بن لەگەڵ دایكو باوکتاندا.

---

([١٤٢]) رَوَاهُ الْبُخَارِي، رَقَمْ: (٧١٤٥).

([١٤٣]) حَديث صحيح: صحيح الجامع الصغير وزيادته، رَقَم: (١٣٤٧٧).

حەقی دایكو باوك زۆر گرنگی پێدراوە ئەگەر مێرد داوای لە خێزانی كرد، كە كارێك بكات ئەو كارە بێ فەرمانی دایكو باوكی بوو ئازار بوو بۆیان، ئەوە گوێڕایەڵی مێردەكەی ناكات، چونكە گوێڕایەڵی دایكو باوك لەپێشترە لە گوێڕایەڵی مێرد، ئەگەر داوای لە خێزانی كرد، كە كارێك بكات ئازاری دایكو باوكی بدات ئەوە گوێڕایەڵی ناكات، چونكە ئازادانی دایكو باوك یەكێكە لە تاوانە گەورەكان دوای شیرك[١٤٤].

## حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە ڕۆژی لە دایك بوون (عید المیلاد)

**پرسیار(٨٩): ئایا حوكمی ئاهەنگ گێڕان چی یە بە ڕۆژی لە دایك بوون یان بە ڕۆژی هاوسەرگیری؟**

وەڵام: لە ئیسلامدا جگە لە جومعە، كە جەژنی هەفتانەیەو چەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربان جەژنێكی تر نیە ئەوەی، كە پێی دەڵێن: جەژنی لە دایك بوون یان جەژنی هاوسەرگیری یان هاوشێوەی ئەمانە هەر ناوێكی لێبنرێت هەر هەموی كارێكی نادروستەو حەرامەو لە بیدعەوە نزیكترە[١٤٥].

---

([١٤٤]) الْمُنْتَقَى مِنْ فَتَاوَى الْشَيخ صَالح الْفَوزَان (٣/ ٢٣٧-٢٣٩).

([١٤٥]) مجمُوع فَتَاوَى وَرَسَائِل لِلْعُثَيمِين رحمه الله (٢/٣٠٢).

## بانگخوازیو فەرمانكردنی چاكە بۆ ئافرەتان

**پرسیار(٩٠): ئایا چی ڕێگەیەك هەیە بۆ ئافرەتان بۆ بانگخوازیكردن بۆلای خوا؟**

وەلاٌم: بزانە هیچ بەربەستێك نیە لە بانگخوازیكردنی ئارفەتاندا بۆلای خوای گەورە هەركاتێك ئافرەتانی چاك توانای بانگخوزایكردنو فەرمان كردنیان هەبو بە چاكەو قەدەغەكردنیان لە خراپە پێویستە هەڵبسن بەو كارەو ئامۆژگاری ئافرەتان بكەن كە لەڕەگەزی خۆیانن، چونكە ئافرەتان زۆر پێویستیات زیاترە كە كەسێك ئامۆژگاریان بكات كە لەڕەگەزی خۆیان بێت، چونكە زۆرجار سوود زیاتر لە ئافرەتان وەردەگرن وەك لە پیپاوان زۆرجار ئافرەتان شەرم دەكەن لە پیاوان ناتوانن هەموو مەبەستێكی خۆیان باس بكەن، بەلاٌم بە پێچەوانەوە بەهۆی نزیك بوونی لە ئافەرتانی هاوشێوەی خۆیەوە دەتوانێت هەموو پرسیارێك بكات هەر لەسەرئەمە واجبە لەسەر ئەو ئافرەتەی كە عیلمو زانستی شەرعی هەیە هەڵبسێت بەو واجبە كە بانگخوازی فەرمانكردنە  بە چاكە بە ئەندازەی توانای خۆیان هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾[النحل: ١٢٥]. واتە: بانگی خەڵكی بكە بۆ ڕێگەی خوا بە حیكمەتو نمونەی جوان وە مكوناقەشەیان لەگەڵدا بكە بە جوانترین شێواز. وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ ﴾ [یوسف: ١٠٨]. واتە: بلێ: ئەمە ڕێگا ڕاستەكەی منە بانگی خەڵكی دەكەم بۆلای خوا لەسەر عیلمو زانست خۆمو ئەوانەیشی كە شوێنی من كەوتونە.

وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموویت: ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ [فصلت: ٣٣]. واتە: كێ وتەی لەو كەسە جوانترە كە بانگەوازی خەڵكی دەكات بۆلای خواو كردەوەی چاك وە دەشلێت من یەكێكم لە موسوڵمانان.

هەورەها خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرمووێت:﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾ [التغابن: ١٦].

واتە: لە خوای گەورە بترسن بە ئەندازەی تواناتان.

ئایەتو بەڵگە زۆرە لەم بارەیەوە ئەوەیش گشتیە پیاوانو ئافرەت دەگرێتەوە. خوای گەورەیش یارمەتی دەربێت(١٤٦).

## حوكمی دواخستنی نوێژ

**پرسیار(٩١): ئایا حوكمی دواخستنی نوێژ چییە؟**

وەڵام: دروست نیە بۆ هیچ موسوڵمانێكی پیاو یان ئافرەت نوێژی فەرز دوابخات لەكاتی خۆی بەڵكو واجبە لەسەر هەموو موسلّمانێك پیاوو ئافرەت كە گەیشتونەتە ئەو كاتەی كە نوێژ واجب بووە لەسەریاننوێژەكانیان بكەن لەكاتی خۆیدا بە ئەندازەی توانایان، چونكە كاركردن عوزر نیە بۆ دواخستنی نوێژ هەروەها پیسی جلو بەرگ عوزرنیە بۆ دواخستنی پێویستە كاتی نوێژ واز لە كاركردن بهێنێت وە هەروەها ئەو كەسەی كە جلو بەرگی پیسە پێویستە لەسەری كە یان بیگۆرێت یان بیشۆرێت، بەڵام چڵكو پیسی نابێتە رێگر لە نوێژ ئەگەر ئەو چڵكو پیسییە یەكێك نەبێت لەو شتانەی كە قەدەغەكراوە نوێژی پێوەبكرێت وە ئەگەر ئەو پیسییە ئازاری موسوڵمانانی دەدا یان بۆنی هەبو ئەوە پێویستە جلەكەی بگۆرێت بە جلو بەرگێكی پاك هەتا نوێژ بەجەماعەت لەگەڵ پیاواندا بكات لە مزگەوت هەروەها دروستە بۆ كەسێك كە عوزری هەبێت نوێژی نیوەڕۆو عەسر كۆبكاتەوە وە یان نوێژی مەغریبو عیشا لە یەك كاتدا وەكو كەسێك كە نەخۆشبێت یان لەسەفەرو گەشدابێت هەروەك چۆن لە سوننەتدا هاتوە كە دروستە بەهۆی بارانو سەرماوە نوێژ لەمزگەتدا كۆبكرێتەوەو بكرێت واتە بەبێ عوزر نابێت نوێژ دوابخرێت(١٤٧).

---

(١٤٦) مجموع فتَاوَى وَرَسَائِل وَمَقالات متنوعة لابن باز ﷬، (٧/ ٣٢٥ – ٣٢٦).

(١٤٧) الشيخ ابن باز ﷬ – فتاوى مهمة تعلق بالصلاة، ص: (١٩ – ٢٠).

## نەچونی ئافرەتان بۆ حەمامی گشتی

**پرسیار(٩٢): ئایا واتای ئەو فەرموودەیە چییە کە قەدەغەی کردووە ئافرەتان جلو بەرگی خۆیان دانەکەنن تەنها لەماڵی پیاوەکانیاندا نەبێت؟**

وەڵام: ئەو فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەدو ئیبنو ماجەو حاکم (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ وَضَعَتْ ثِيَابَهَا فِي غَيْرِ بَيْتِ زَوْجِهَا فَقَدْ هَتَكَتْ سِتْرَ مَا بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ »[١٤٨]. واتە: هیچ ئافرەتێك نیەکە جلەککەی دانێت لە غەیری ماڵی پیاوەکەیدا ئیللا ئەو سنورەی شکاندووە کە لە نێوان خۆی خوای گەورەدا هەیە.

وەهەروەها لە ئیمامی ئەحمەدو طەبەرانیو حاکمو بەیهەقی (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە ئوم سەلەمەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَزَعَتْ ثِيَابَهَا فِي غَيْرِ بَيْتِهَا خَرَقَ اللَّهُ عَزَّوَجَل عَنْهَا سِتْره »[١٤٩]. مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ خوای گەورە زاناترە ئەوەیە کە ئافرەتان قەدەغە بکات لەوەی کە جگە لە ماڵی خۆی یان ماڵی مێردەکەی کەمتەرخەمی نەکەن جلو بەرگی خۆیان دابنێن بەشێوازێك کە عەروەتیان دەربکەوێت ئەو کاتە بەشێوازێك کە عەورەتیان دەربکەوێت ئەوکاتە بێتە جێگەی گومان لە خراپە، بەڵام دانانی جلو بەرگ لەشوێنێکی ئەمین وەکو ماڵی کەسو کاری خۆت بۆ گۆڕینی بە جلێکی تر یان بۆ ئیسراحەت وە یان بۆ هەرکارێکی دروست کە دووربێت لە فیتنە ئەوە هیچی تیادادنیە[١٥٠][١٥١].

---

([١٤٨]) حَديث صحيح: رَوَاهُ أَحمد (٦/١٩٨)، وابن ماجة، رَقَمْ: (٣٧٥٠)، والْحَاكم (٤/٣٢١)، صحيح وضعيف ابن ماجة، رَقَمْ: (٣٧٥٠).

([١٤٩]) حديث صحيح: رواه أحمد (٦/٣٠١)، والحاكم (٤/٣٢١)، صحيح الجامع الصغير وزيادته، رَقَم: (٤٤٧٣).

([١٥٠]) فَتَاوَى اللَّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (١٧/٢٢٤).

## منداڵەکەت فێری چاکە بکە

**پرسیار(٩٣): من چەند کچێکم هەیە فێری چاکەو کردەوەی چاکیانم کردووە، بەڵام هەندێك جار کوڕەکانم بەقسەم ناکەن من تاوان بار دەبم؟**

وەڵام: دەست خۆشیت لێدەکەم کە کچەکانت فێری ئەدەبو ڕەوتی جوان کردووەو هەوڵیشت داوە لەگەڵ کوڕەکانتدا وە ئومێدەواریشم باوکیانیش وەکو تۆ کە دایکیانی ئاوا منداڵەکانی بەردەوام ئامۆژگارییان بکاتو سوربێت لەسەرئەوەی فێری چاکەو ڕەوشتی جوانیان بکات هەر لە منداڵیەوە، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی خێرو چاکە بۆ دایكو باوکیان لە دونیاو دوارۆژیشدا هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾ [التحريم: ٦]. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتانوماڵو منداڵتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنێکەی خەڵکیو بەردە. وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: « إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثٍ صَدَقَةٌ جَارِيَةٌ وَعِلْمٌ يُنْتَفَعُ بِهِ وَوَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ »[١٥٢]. واتە: کاتێك مرۆڤ دەمرێت هەموو کردەوەکانی کۆتایی پێدێت تەنها لەسێ ڕێگاوە نەبێت چاکەیەکی بەردەوامی کردبێت لە دونیادا یان زانستێکی بەسوودی لە دوای مردنی بەجێ هێشتبێت یان منداڵی چاکی هەبێت لەدوای مردنی دوعای چاکەی بۆ بکەن. هەر لەبەر ئەمە ئەگەر ئەو باوكو دایکە لە دونیادا بە پەرۆشی منداڵەکانیانەوە بوبنو فێری خەیرو چاکەیانیان کردبێت بەو شێوازە کە خوای گەورە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان پێکردووە ئەوە ئەو دایكو باوکە خەیرو پاداشتێکی زۆر گەورەیان بۆهەیە، چونکە ئەو منداڵانە بەردەوام دوعای چاك دەکەن بۆ باوكو دایکیان لە ژیانو دوای مردنیشیاندا وە ئەگەر بە

---

(١٥١) تێبنییەك: ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ئەوەی بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی چونی ئافرەتان بۆ حەمامی گشتی بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی دانانی جلو بەرگ لە دوکانەکانی بازاڕیش صالۆنو ئارایشگاکانو هاوشێوەی ئەمانەیش، خوای گەورەیش زاناترە. وەرگێڕ.

(١٥٢) حديث صحيح: صَحيح وَضعيف سنن الترمذي، رَقَمْ: (١٣٧٦).

پێچەوانەشەوە منداڵەکانیان وازلێهێنابن ئامۆژگاریان نەکردبن فێری چاکەیان نەکردبن ئەوە ئەو باوكو دایکە تاوانباردەبن ئەو منداڵانە دەبنە بارگرانی بۆ دایكو باوکیان هەر لەبەر ئەمە داواکارم لەو باوکە کە زۆر گرنگی بدات بە منداڵەکانی، چونکە منداڵ بەشێکە لە باوكو دایك هەر ئەوانن ئەگەر چاك بن سود بە باوكو دایکیان دەگەیەنن لە ژیانیانو دوای مردنیشیان[١٥٣].

## حوکمی چون بۆ شایيو ئاهەنگ بۆ ئافرەتان

**پرسیار(٩٤): ئایا حوکمی چونی ئافرەتان چی یە بۆ شایيو ئاهەنگو هۆڵ هەروەك لەو شوێنانەدا گۆرانيو مۆسیقاو تێکەڵاوی تیادایە ئایا ئەگەر ئامادەبی بۆ وەڵامدانەوەی خاوەن ئاهەنگەکەو بینینی بوك نەك بۆ گوێگرتن لە گۆرانيو مۆسیقا هەر گوناه باردەبێت؟**

وەڵام: ئەگەر ئاهەنگی هاوسەرگیری هیچ تاوانێکی تیادا نەبوو وەکو تێکەڵاوی ژنانو پیاوانو گۆرانی وتنو مۆسیقا وە یان ئەگەر تۆ ئامادەبویت توانات هەبوو لەو شوێنەدا هەر تاوانو سەرپێچییەك ئەنجام دەدرێت لایدەیتو بیگۆڕیت ئەوە دروستە، بەڵکو ئەگەر توانای گۆڕینی تاوانت هەبوو ئەوە واجبە، کە ئامادەبیت بۆ گۆڕینی تاوانو خراپەکان، بەڵام ئەگەر لە ئاهەنگ هۆڵو شایيو کۆمەڵێك تاوانو خراپەی تیادا بوو وەك باسمان کرد لە گۆرانيو مۆسیقاو تێکەڵاوی ژنانو پیاوان تۆش نەتدەتوانی بیگۆڕیت ئەو خراپانە ئەوە لەو کاتەدا دروست نیە بەهیچ شێوازێك تۆ ئامادەبیت لەو شوێنەداو وەڵامی ئەو دەعواتو بانگکردنە بدەیتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِۦٓ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ ﴾ [الأنعام: ٧٠ ]. واتە: وازبێنە لەو کەسانەی کە دینەکەیان

[١٥٣] الشيخ ابن عثيمين رحمه الله – فتاوى الطفل المسلم، ص: (١٢٤). جمع وترتيب: يحي بن سعيد آل شلوان.

کردووەتە گاڵتەو گەپو ژیانی دونیا هەڵیانی خەڵەتاندووە وە یادیان بخەرەوە بەهۆی تاوانەکانیانەوە توشی بەڵاو موسیبەتێك ببن، کە هیچ کەسێك نەبێت جگە لە خوا پشتیوانو تکاکاریان بێت. هەروەها خوای گەورە لە ئایەتی تریشدا دەفەرموویێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴾ [لقمان: ٦].

واتە: هەندێك لە خەڵکی کڕیاری قسەی بێسودو تاوانو بێکەڵکن، وەکو گۆرانی تا بەنەزانی خەڵکی لە ڕێگەی خوا پێ لادەن بە گاڵتە دەیگرن ئەوانە سزای سەرشۆڕکەریان بۆ هەیە لای خوا. هەروەها فەرموودەی زۆر هاتووە لەسەر حەرامێتی گۆرانیو مۆسیقاو هاوشێوەکانی، بەڵام ئاهەنگ گێران بە ڕۆژی لە دایك بوونی کەسێك ئەویش هەر دروست نیەو حەرامە، چونکە کارێکی بیدعەیە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت ئامادەبیت، کە خراپەکانیان لێ ئاگادار بکەیتەوەو لابدەیتو حوکمی خوایان بۆ ڕون بکەیتەوە [١٥٤]. ئەگینا دروست نیە ئامادەبیت.

## خواستنی ئافرەتی سکپڕ ( حامل )

### پرسیار(٩٥): ئایا حوکمی مارەبڕینی ئافرەتی سکپڕ چی یە؟

وەڵام: ئافرەتی سکپڕ تەڵاق دراوبێت یان مێردەکەی مردبێت، عیددەکەی بەوە کۆتای دێت سکەکەی دانێتو منداڵی بێت لەبەرئەم خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴾ [الطلاق: ٤]. واتە: ئەوانەی کە سکپڕن عیددەکەیان بەدانانی حەملەکەیان کۆتایی پێدێت. پێش دانانی سکەکە مارەبڕینی دروست نابێتو پوچەڵە [١٥٥].

---

(١٥٤) كِتاب الآداب والأخلاق.

(١٥٥) فَتَاوَى اللَّجْنَة الْدَائِمَة (٨/٢٤٦).

## حوکمی زەکات لەمارەیی ئافرەتاندا

**پرسیار(٩٦): ئایا مارەیی پاشەکی (المُؤَخَّرَة)ی ئافرەت کە لەلای مێردی دەمێنێتەوە ئەگەر لە (٢٠) بیست مسقاڵ زیاتر بوو زەکاتی لەسەرە؟ وە لەسەر پیاوەکەیە یان ژنەکە وە ئگەر هەیەتی کەی دەدرێت؟**

وەڵام: زەکات لەسەر ئافرەتەکەیە، چونکەماڵی ئەوە، کاتێك ئەگەر مێردەکەی دەوڵەمەندبێت، بەڵام ئەگەر مێردەکەی فەقیربوو زەکاتی لەسەرنیە. هەرکاتێك ئافرەتەکە (٢٠) بیست مسقاڵەکەی وەرگرت زەکاتی (١) ساڵی لێدەردەکات[١٥٦].

## حوکمی گوێڕایەڵی نەکردنی ئافرەتان بۆ مێردەکانیان لەکاری سەرجێییدا

**پرسیار(٩٧): ئایا ئافرەت دروستە بۆی کاتێك مێردەکەی داوای کاری شەرعی جوتبوونی لێدەکات خۆی قەدەغەبکات لێی؟**

وەڵام: دروست نیە بۆ ئافرەت خۆی قەدەغەبکات لە مێردەکەی ئیللا لە کاتێکدا کە عوزرێکی شەرعی هەبێت وەکو ئەوەی لە حەیزدا بێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: « إِذَا بَاتَتِ الْمَرْأَةُ مُهَاجِرَةً فِرَاشَ زَوْجِهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تَرْجِعَ »[١٥٧]. واتە: ئەگەر بەشەو هەر ئافرەتێك خۆی دووربگرت لەسەر جێگای مێردەکەی ئەوە فریشتەکان لەعنەتی لێدەکەن هەتا بەیانی. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: « إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِيءَ لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ

---

(١٥٦) مجموع فتاوى ورسائل للعثيمين رحمه الله (١٨/٣٠).

(١٥٧) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِي، رَقَمْ: (٥١٩٤) وَ مُسْلِم، رَقَمْ: (٣٦١١).

حَتَّى تُصْبِحَ »[١٥٨]. واته: هەر مێردێك داوای سەرجێی لە خێزانەكەی بكات خێزانەكەیشی وەڵامی نەداتەوەو گوێڕایەڵی نەكات ئەوە فریشتەكان لەعنەتی لێدەكەن هەتا بەیانی. وە لەڕیوایەتەكەی ئیمامی موسلیمدا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: « ... كَانَ الَّذِى فِي السَّمَاءِ سَاخِطًا عَلَيْهَا حَتَّى يَرْضَى عَنْهَا »[١٥٩]. واته: ئەوەی لە ئاسماندایە تووڕەیە لێی هەتا مێردەكەی لێی ڕازی دەبێت.[١٦٠].

## حوكمی تێكدانی نێوانی ژن و مێرد

**پرسیار(٩٨): ئایا حوكمی كەسێك چییە كە نێوانی ژن و مێرد تێكدەدات؟**

وەڵام: حەرامەو دروست نیە تێكدانو ئاژاوە دروستكردن لەنێوان ژنو مێرددا، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: « لَيْسَ مِنَّا مَنْ خَبَّبَ امْرَأَةً عَلَى زَوْجِهَا أَوْ عَبْدًا عَلَى سَيِّدِهِ »[١٦١]. واته: لەئێمە نیە ئەوكەسەی كە ئافرەت بێڕێزو ناشرین دەكات لای مێردەكەیو كۆیلە سوك دەكات لای سەییدەكەی.[١٦٢].

---

(١٥٨) صَحيح الْبُخَاري، رَقَمْ: (٥١٩٣).

(١٥٩) صحيح مُسلِم: رَقَمْ: (٣٦١٣).

(١٦٠) فَتَاوَى اللَّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (٢٢١/١٩).

(١٦١) حَديثٌ صَحيح: صَحيح وضعيف سُنَن أَبي داود، رَقَم: (٢١٧٥).

(١٦٢) فَتَاوَى اللَّجْنَة الْدَائِمَة لِلْبحوث العِلمية وَالإفتاء (٢٤٧/١٦).

## حوکمی کڕینی ئاڵتون بەقەرز

**پرسیار(٩٩): من بازرگانێکم کڕین‌و فرۆشتن بەئاڵتونەوە دەکەم ئایە دروستە ئاڵتون بەقەرز بفرۆشم تەنانەت ئەگەر بۆ ڕۆژێك یان دوو ڕۆژیش بێت؟**

وەڵام: فرۆشتنی ئاڵتون بەقەرز دروست نیە بەهیچ جۆرێك، بەڵکو ئەوە مەرجە تیایدا کە کڕیارو فرۆشیار لەو جێگەیەدا دەست بە دەست ئاڵتون بە پارە بگۆڕنەوە واتە کڕیار پارەکە بداتو ئاڵتونەکە وەربگرێت بەبێ دواخستن‌و ئەگینا ئەگەر قەرزو دواخستنی تیادا بێت ئەوە دەبێت بە ڕیباو دروست نیەو حەرامە[١٦٣].

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

([١٦٣]) فتاوى نور على الدرب، الشريط رقم: (٤٨). الشيخ ابن عثيمين رحمه الله.